# شیکردنەوەی جوگرافی بەکارهێنانی زەوی بۆ ناوچەی سەوزایی لە شاری قەڵادزێ

م.ی. پشتیوان علی محمد    م.ی.شاسوار محمد محمود    م.ی. سەرکار حمد خدر

زانکۆی ڕاپەڕین

فاکەڵتی زانستەمرۆڤایەتیەکان

بەشی جوگرافیا

## پێشەکی

لەکاتی ئێستادا ناوچە سەوزەکان گرینگی و بایەخێکی زۆریان پێدەدرێت لە شارەکاندا، چونکە دانیشتوانی شار بەهۆی سەرقاڵبوون بە ئیشکردن دووچاری ماندووبوون دەبن، جگە لەوەی بەهۆی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و زۆربوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل ژینگەی شارەکان پیسبووە، ئەمەش وایکردووە ناوچە سەوزەکان گرنگیان زۆر بێت، چونکە سەرچاوەی هەوای پاك و دیمەنی جوان و پشوودانن بۆ دانیشتوانی شار، جگە لەوەش لە سەردەمی ئێستادا پێوەر دانراوە بۆ بەکارهێنانی زەوی لە شارەکاندا، بەهۆی بەکارهێنانی زەوی بۆ ناوچەی سەوزایی لە شاری قەڵادزێ و بەراوردکردنی بە پێوەرە ناوخۆیی و جیهانییەکان، بۆمان دەردەکەوێت تاچەند کار بەو پێوەرانە کراوە، کە خزمەت بە مرۆڤ و خۆشگوزەرانییەکەی و تەندرستییەکەی دەکەن.

**گرنگی توێژینەوە:** لەوەدایە بەگوێرەی دوایین گەمارۆسازی دانیشتوان، کە لە ساڵی(٢٠٠٩) ئەنجامدراوە، ناوچەی توێژینەوە ژمارەی دانیشتوانی (٦١٠٣٨) کەس بووە، لە دوای هەردوو شاری سلێمانی و ڕانیە، شاری قەڵادزێ لە پلەی سێیەم دێت، یەکێکە لە سەنتەرە شارنشینە گەورەکانی* پارێزگای سلێمانی، هەر بۆیە توێژینەوە لەناوچە سەوزاییەکانی شارەکە گرنگی و بایەخێکی زۆر هەیە، چونکە دانیشتوانی شارەکە پێویستییان بەناوچەی سەوزایی بۆ پشوودان و تەندروستییەکی باش و دەستکەوتنی هەوای پاك هەیە، وێڕای سەیرکردنی دیمەنی جوان.

**ئامانجی توێژینەوە:** بریتییە لە دەرخستن و دیاریکردنی ڕێژەی ناوچەی سەوزایی لە شاری قەڵادزێ و بەراوردکردنی بە پێوەرە زانستییە ناوخۆی و جیهانیەکان، ئەوەش بە ئامانجی دەرخستنی پەیوەندی نێوان ژمارەی دانیشتوان و دابەشبوونی ناوچە سەوزەکان لە شارەکەدا، هەوڵدان بۆ چاوخشاندنەوە بە دۆخی دابەشبوونی ناوچە سەوزەکان و دواتر دانانی پلانێکی زانستی بۆ دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان دابەشبوونی دانیشتوان و دابەشبوونی ناوچە سەوزەکان لە شارەکەدا، بە گوێرەی پێوەرە زانستییەکان، لەپێناو فەراهەمکردنی ژینگەیەکی خاوێن و جوان بۆ دانیشتوانی ناوچەکە.

**کێشەی توێژینەوە:** کێشە سەرەکیەکانی توێژینەوە خۆی لە تاوتوێکردنی ئەم پرسیارانەدا دەبینیتەوە

١- تا چەند بوونی ناوچە سەوزاییەکان لە شاردا گرنگیان هەیە؟

* وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامە سەرەتاییەکانی پرۆسەی ژمارەلێدان و گەمارۆسازی، سەرژمێری گشتی دانیشتوان و نشینگەکان، پارێزگای سلێمانی، ساڵی٢٠٠٩، نوسراوە بەکۆمپیوتەر، (بڵاونەکراوە)، لا١-١٥.

٢- دابەشبونی ناوچە سەوزاییەکان لە شاری قەڵادزێ تاچەند دابەشبونێکی هاوسەنگە لەسەر ئاستی گەڕەکەکان؟

٣- دابەشبونی ڕێژەیی ناوچە سەوزاییەکانی شاری قەڵادزێ چەندە لەسەر ئاستی شار و گەڕەك هاوسەنگە لەگەڵ پێوەرەکانی پلاندانان؟

٤- بەرکەوتی تاك تا چ ڕادەیەك لە ناوچە سەوزاییەکانی شار هاوسەنگە لەگەڵ پێوەرەکانی پلاندانان؟

**گریمانەی توێژینەوە:** گریمانەی توێژینەوەکەمان لە وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکدا پێکدێت

١- بوونی ناوچە سەوزاییەکان لەشاردا گرنگی جۆراو جۆریان هەیە، بە تایبەت گرنگی ژینگەیی و دەروونی.

٢- ناوچە سەوزاییەکانی شاری قەڵادزێ، بەشێوەیەکی نارێك و ناهاوسەنگ دابەشبوون بەسەر گەڕەکەکاندا و بە شێوەیەکی یەکسان دابەش نەبوون.

٣- دابەشبوونی ڕێژەیی ناوچە سەوزاییەکانی شارەکە، لە زۆربەی گەڕەکەکاندا هاوسەنگ نیە لەگەڵ پێوەرەکانی پلاندانان.

٤- بەرکەوتی تاك لە ناوچە سەوزاییەکانی شاری قەڵادزێ، لەسەر ئاستی زۆربەی گەڕکەکان ناهاوسەنگە و گونجاو نیە، لەگەڵ پێوەرەکانی پلاندانان.

**میتۆدی توێژینەوە:** هەر توێژینەوەیەکی زانستی وا دەخوازێت، کە میتۆدێك یان چەند میتۆدێکی زانستی بەکاربهێنێت، هەربۆیە لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی (شیکاری و بەراوردکاری) بەکاردەهێندرێت، بۆ بەراوردکردنی ناوچەی سەوزایی شاری قەڵادزێ لەگەڵ پێوەرە زانستی و جیهانیەکان. وێڕای بەراوردکردنی ڕێژەی سەوزایی و ژمارەی دانیشتوان لە شارەکەدا، لەسەر ئاستی شار و گەڕەکەکان و تاك و بەرکەوتی هەر یەکێکیان لە ناوچەی سەوزایی، دەربارەی ماوەی توێژینەوە، ساڵی (٢٠٠٩) مان دیاریکردوە، چونکە دوایین گەمارۆسازی دانیشتوان لە پارێزگای سلێمانی لەو ساڵەدا ئەنجامدراوە، وێڕای ئەوەی لە هەمان ساڵدا زانیارییمان دەستکەوتوە دەربارەی ناوچە سەوزەکانی شارەکە، لەسەر ئاستی شار و گەڕەکەکان، ئەمەش بە ئامانجی دۆزینەوەی پەیوەندی لەنێوان دابەشبونی دانیشتوان و ناوچە سەوزەکان.

**پلانی توێژینەوە:** بەمەبەستی پێکانی ئامانجی توێژینەوەکە، توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ سێ باسی سەرەکی، وێڕای پێشەکی و گەیشتن بەچەند ئەنجام و ڕاسپاردەیەك بەم شێوەی خوارەوە.

باسی یەکەم / چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە.

تەوەرەی یەکەم/ ناساندنی ناوچەی توێژینەوە. تەوەرەی دووەم/ ناساندنی چەمکەکان.

١- دیزاینی بنەڕەتی (Master plan) ٢- بەکارهێنانی زەوی - ناوچەی سەوز ٤- شار .

باسی دووەم/ گرنگی بەکارهێنانی زەوی بۆ ناوچەی سەوزایی و ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەری

١- هۆکاری جوگرافی ٢-هۆکاری ئابوری ٣- هۆکاری کۆمەڵایەتی و دەرونی ٤- هۆکاری ڕۆشنبیری٥- هۆکار ژینگەیی و تەندروستی ٦- هۆکاری جوانی.

باسی سێیەم/ جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی بۆ ناوچەی سەوزایی لەشاری قەڵادزێ و هەڵسەنگاندنی ڕێژەکەی:

تەوەرەی یەکەم/جۆرەکانی ناوچەی سەوزایی .

تەوەرەی دووەم/ هەڵسەنگاندنی ڕێژەی بەکارهێنانی زەوی بۆ ناوچەی سەوزایی: أ- پێوەر لەسەر ئاستی ڕووبەری شارو گەڕەك. ب- پێوەر لەسەر ئاستی بەرکەوتنی هەر تاکێك لەناوچەی سەوزایی.

**گرفتی توێژەر:** لەکاتی ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستیدا، توێژەر دووچاری چەند گرفتێك دەبێت، هەربۆیە لەکاتی ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا دووچاری چەند گرفتێك بووین گرنگترینیان:

١- کەمی توێژینەوەی زانستی دەربارەی شاری قەڵادزێ بەگشتی و ناوچەی سەوزایی شارەکە بە تایبەتی.

٢- نەبونی یان دەستنەکەوتنی نەخشەیەکی تایبەت و وردی ناوچە سەوزاییەکانی شارەکە، بەجۆرێك ناو و ڕوبەر و شوێنی ناوچە سەوزەکان بە وردی پیشانبدات. بۆیە بۆ ڕونکردنەوەی بابەتەکان و بەراوردکردن و زانینی جۆری ناوچە سەوزەکان، ناچاربوین وێنەی مانگی دەستکرد بەکاربهێنین، وێڕای ئەنجامدانی سەردانی مەیدانی.

## باسی یەکەم / چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

لەم باسەدا، هەوڵدەدەین ناوچەی توێژینەوە بناسێنین و لەسەر نەخشەی کارگێڕی سنورە کارگێڕییەکانی دیاری بکەین، وێڕای پێناسەکردن و دیاریکردنی چەمکە سەرەکییەکانی پەیوەست بە توێژینەوەکە، بۆ ڕونکردنەوەی بابەتەکە ئەم باسەمان دابەشکردوە بەسەر دوو تەوەرەدا، بەمشێوەیە:

### تەوەرەی یەکەم / ناساندنی ناوچەی توێژینەوە:

لە لایەنی شوێنی ئەسترۆنۆمییەوە، شاری قەڵادزێ کەوتۆتە نێوان هەردوو بازنی پانی* (٣٩″ ٠٩′ ٣٦°) بۆ (١٩″ ١٢′ ٣٦°) باکور و هەردوو هێڵی درێژی (٣٠″ ٠٩′ ٤٥°) بۆ (٠٨″ ٠٦′ ٤٥°)ڕۆژهەڵات. (نەخشەی ١)

لە ڕوی شوێنی جوگرافیەوە، شاری قەڵادزێ، کەوتۆتە بەشی باشوری ڕۆژئاوای قەزای پشدەر( ناوچەی توێژینەوە سەنتەی کارگێڕی قەزاکەیە) و بەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستانی عێراق، (نەخشەی ٣ و ٤).

لە ڕوی تۆبۆگرافییەوە، ناوچەی توێژینەوە، کەوتۆتە ناوچەی شاخاوی و لەسەر یەکێك لە دەشتەکانی ناوچەی شاخاوی بنیاتنراوە، بە ناوی دەشتی پشدەر و شارەکە، کەوتۆتە بەشی باشوری ڕۆژئاوای دەشتەکە[1]. بەرزی ناوچەی توێژینەوە (٦٤٣م) لە ئاستی ڕوی دەریاوە[2].

دەربارەی ئاووهەوا، بەهۆی ئەوەی تا ئێستا ناوچەی توێژینەوە ووێستگەی کەشناسی لێنیە، ناچاربووین بە پشتەبەستن بە نەخشەکانی ئاووهەوا باسی ئاووهەوای ناوچەکە بکەین،لەم ڕوانگەیەوە بە پشتبەستن بە پۆلێنکاری کۆبن، ناوچەی توێژینەوە، کەوتۆتە ناوچەکانی باکوری خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستانی عێراق ،جۆری ئاووهەواکەی کەوتۆتە چوارچێوەی هەرێمی ئاووهەوای دەریای ناوەڕاست(Csa) و لە هاویندا هێڵی یەکسانی پلەی گەرمی (کەمتر لە ٢٨)پلەی سەدی و لە زستاندا هێڵی (کەمتر لە ٤)پلەی سەدی بە ناوچەی

---

* پێگەی ئەسترۆنۆمی ناوچەی توێژینەوە دەرهێنراوە، لە ڕێگەی بەرنامەی (Arc Gis ١٠,١)، بە پشتبەستن بە نەخشەی (١).

[1] هاشم یاسین حمدأمین و ئەوانیتر ، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق و جیهان، لە بڵاو کراوەکانی کۆمپانیای تێنووس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری، هەولێر، ٢٠٠٩.لا٤٠.

[2] بێستون ئەحمەد حسێن،شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گەشەی دانیشتوان و کاریگەری لەسەر فراوانبونی ڕووبەری شاری قەڵادزێ،نامەی ماستەر(بلاۆوکراوە)، کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی جوگرافیا، زانکۆی سەلاحەددین،٢٠١٣،لا٧.

توێژینـەوەدا تێپـەڕدەبن( واتـا زستانی سـاردو باراناوییـە و هـاوینی مامناوەنـد و گەرمـە) و سـاڵانە بـڕی (٧٠٠-٨٠٠ملم) بارانی لێدەبارێت[٣].

نەخشەی(١)

پێگەی ئەستڕۆنۆمی ناوچەی توێژینەوە




سەرچاوە/ ئامادەکراوە بە پشتبەستن بە:

١-وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار،بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشەدانان و ئاوەدانکردنەوەی،شارەوانی قەڵادزێ،نەخشەی بنەڕەتی شاری قەڵادزێ، ساڵی ٢٠٠٩، بەپێوەری ١: ٢٠٠٠.

٢- بەرنامەی (Arc Gis ١٠.١).

---

[٣]هاشم یاسین حمدأمین و ئەوانیتر، سەرچاوەی پێشوو، لا٤٨-٥١.

نەخشەی(٢)

شوێنی شاری قەڵادزێبەگوێرەی قەزای پشدەر و پارێزگای سلێمانی




سەرچاوە/ ئامادەکراوە بە پشتبەستن بە: بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاریGis، نەخشەی بنچینەیی پارێزگای سلێمانی، ٢٠٠٩.

**نەخشەی(٣)**

**شوێنی ناوچەی توێژینەوە بەگوێرەی هەرێمی کوردستان**




سەرچاوە/ ئامادەکراوە بە پشتبەستن بە:

١-بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاریGis، نەخشەی بنچینەیی هەرێمی کوردستان و پارێزگای سلێمانی، ٢٠٠٩.

٢- هاشم یاسین حمدأمین حداد و ئەوانیتر ، ئەتلەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق و جیهان، لە بلاو کراوەکانی کۆمپانیای تێنووس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری، هەولێر، ٢٠٠٩،لا٣٩٧.

**تەوەرەی دووەم/ ناساندنی چەمکەکان**

**١- دیزاینی بنەڕەتی ( التصمیم الأساسی –Master plan):**

چوارچێوەیەکی کارە مامەڵە لەگەڵ هەردوو یەکەی (کات و شوێن)دەکات، چونکە هەرئەو دوو یەکەیە دەبنە هۆی جیاوازی کۆمەڵگاکان، کۆمەڵگاش شارو هەرێمەکەی و هەرێمەکانی دەگرێتەوە، بەشێوەیەکی گشتی ماستەر پلان بۆ ئەوە دادەنرێت کە کۆنترۆڵی شار بکات یان شار ئاڕاستە بکات لە داهاتوودا بە جۆرێك لایەنی (کۆمەڵایەتی و ئابوری و شارستانی ، تەکنەلۆجی) و گۆڕانکاری هەریەکێکیان لە داهاتوودا لەبەرچاو بگرێت ، ئەمەش بە ئامانجی بەدیهێنانی ئاستێکی باشی خۆشگوزەرانی بۆ دانیشتوان، بەجۆرێك بەهۆی ماستەر پلان ئەرك و خزمەتگوزاری بۆ دانیشتوان بە گوێرەی پێویست دابین دەکرێت [١].

لە پێناسەیەکی تر(ماستەر پلان) بریتییە لە بەرنامەی کار بۆ پێشکەوتنی شار لە ڕێگای بەدەستهێنانی چەند ئامانجێك، کە ئەو ئامانجانە لەلایەن پلاندانەرەوە دادەنرێت و دواتر لایەنی پەیوەندی دار ئەو پلانە پەسند دەکەن، بەمەش شێوەیەکی یاسایی وەردەگرێت، ماستەر پلان پێکهاتەی ئاوەدانکاری (التركیب العمرانی) لەخۆ دەگرێت و ئاڕاستەکانی پەرەپێدان و ئامانجە ماوە کورت و ماوە درێژەکانی دەخاتە ڕوو دەربارەی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە داهاتوودا ڕوودەدەن، ماستەر پلان بۆماوەی (٢٠-٣٠) ساڵی دادەنرێت[٢].

کەواتە، دەکرێ بڵێین ماستەر پلان بەرنامەیەکە یان پلانێکە بۆ ماوەی (٢٠ – ٣٠) ساڵی داهاتوو دادەنرێت بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی فراوانبوونی شار لە داهاتوودا، واتە لەسەر بنەمای گەشەی دانیشتوان و فراوانبوونی شار زەوی پێویست بۆ هەموو بەرکارهێنانەکان دیاری بکرێت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کێشە دروست نەبێت، بەڵام پێویستە لە ماستەر پلاندا ڕەچاوی لایەنی ئابوری و کۆمەلایەتی و شارستانی دانیشتوان بکرێت.

**٢- بەکارهێنانی زەوی ( استعمالات الارض):**

مەبەست لە بەکارهێنانی زەوی شار : بریتییە لە بەکارهێنانی زەوی شار لەلایەن دانیشتوانەوە بۆ مەبەستی جۆراو جۆر، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە دانیشتوانی شار لە ڕوی پیشەوە جیاوازن لە یەکتری، ئەمەش دەبێتە هۆی جیاوازی بەکارهێنانی زەوی شار، بۆ نموونە بازرگانەکان زەوی شار بەکاردەهێنن بۆ مەبەستی بازرگانی، لەکاتێکدا ئەوانەی گەشتیارن زەوی شار بۆ مەبەستی گەشت و گوزار بەکاردەهێنن [٣].

وەك دەزانرێت هەر شارێك (گەورە یان بچووك) پێویستە خزمەتگوزاری بۆ دانیشتوانەکەی (شار و هەرێمەکەی) دابین بکات، هەر خزمەتگوزاریەکیش ڕووبەرێکی دیاریکراوی شار بۆخۆی دیاری دەکات، هەروەها لە شاردا ناوچەی بەتاڵ و سەوز و کشتوکاڵی دیاری دەکرێت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لە کاتی فراوانبوونی شاردا بەکاربهێنرێت. هەربۆیە زۆر بەکەمی دەبینن، کە زەوی شار تەنها یەك پیشە لەخۆی بگرێت، تەنانەت گەر شارێك شاری گەشتیاری (هاوینە و زستانە) بێت یان شاری زانکۆ بێت، ئەوا هەندێك پیشە بۆلای خۆی ڕادەکێشێت، ئەمەش دەبێتە هۆی جۆراو جۆری پیشە لە شاردا، گرنگترین پیشە بنەڕەتیەکانی شاریش بریتین،

[١] خالص حسن الاشعب، المقومات الضرویة للتصمیم الاساسی ، مجلة الجمعیة الجغرافیة ، تصدرها الجمعیة الجغرافیة العراقیة، العدد الحادی العشر، بغداد ، ١٩٨٠، ص١٣٣.

[٢] باسل احمد خلف الفتیلی، کفاءة الاسالیب فی قیاس حجم السکان والتنبوء واهمیتة فی التصمیم الاساسی لمدینة بغداد ، رسالة ماجستیر، جامعة بغداد، ص١٣٩.

[٣] کاید عثمان ابو صبحة، جغرافیا المدن، دار وائل للنشر، عمان- اردن، ٢٠٠٢، ص٢٣٤.

لە : (نیشتەجێبوون ، ئاینی ، بازرگانی ، پیشەسازی) هەروەها چەند پیشەیەکی تریش هەیە وەك (کارگێڕی ، فێرکردن، خۆشگوزەرانی، دارایی ، گواستنەوە، باخچە) . هەموو ئەو بەکارهێنانەی زەوی بۆ پیشەی جیاواز لە شارێکدا پێکهاتەی ناوخۆی شار دروست دەکەن[1].

لەمەوە دەردەکەوێت بەهۆی ئەوەی شار پێویستە خزمەتگوزاری جۆراو جۆر بۆ دانیشتوان دابین بکات، هەروەها جیاوازی پیشەی دانیشتوان وادەکات ڕووبەری شارەکان بۆ پیشەی جۆراو جۆر بەکاربێت، بۆ نموونە دانیشتوانی یەك خێزان لە شاردا ڕۆژانە پێویستیان بە خزمەتگوزاری هەیە وەك ( بازرگانی، تەندروستی، فێرکردن، ناوچەی سەوزایی ...هتد) .لەمەوە دەردەکەوێت کە پێویستیەکانی دانیشتوان وادەکات زەوی شار بۆ مەبەشتی جیاواز و جۆراو جۆر بەکاربێت.

**٣- ناوچەی سەوز:**

گەرچی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە شاردا جۆراو جۆرە، وەك (یاریگا وەرزشییەکان، سینەما، مەلەوانگە...)، بەڵام ناوچەی سەوز بە گرنگترین جۆری خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی دادەنرێت، چونکە ناوچە سەوزەکان ڕووبەرێکی فراوانیان هەیەو خەڵکێکی زۆر بۆخۆیان ڕادەکێشن.مەبەستیش لەناوچەی سەوز پارك (باخچەی گشتی) و باخچەی بچوك(باخچەی ناو گەڕەکەکان) دەگرێتەوە، کە خەڵکی بۆ مەبەستی بەسەربردنی کات دەچن لەناوچە سەوزەکان پیاسە دەکەن، بەهۆی گرنگی ناوچەی سەوز لە بواری خۆشگوزەرانی دا وایکردووە لە زۆربەی وولاتاندا ڕێژەیەکی گرنگی بەکارهێنانی زەوی بۆ ناوچەی سەوز دیاری بکرێت بە جۆرێك لە هەندێك شاردا ئەم ڕێژەیە دەگاتە (٢٦٪). هەروەها گرنگیدان بە ناوچە سەوزەکان ئاماژەیەکی گرنگی شارستانیە بۆ ڕادەی پێشکەوتنی هەر دەوڵەتێك[2].

لە پێناسەیەکی گشتیدا، ناوچەی سەوزایی، ئەو پانتاییانەی زەوی دەگرێتەوە، کە داپۆشراون بە پێکهاتەی سەوزایی وەك(دارودرەخت، گوڵ و گوڵزار ،گژوگیا، دارستان، سەوزایی سەر شەقام )، کە کەوتونەتە ناو سنوری شارەوانی[3].

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، بەشێکی جوگرافیناسان و پلاندانەران، هاوڕان لەسەر ئەو پێناسەی سەرەوەی ناوچە سەوزەکان و ئێمەش لە توێژینەوەکەماندا، ئەو پێناسەمان بەلاوە ڕاسترە و تەنها ئەو ناوچانەمان بە ناوچەی سەوزایی هەژمارکردوە، کە بریتین لە دارستان و پارك و باخچەی بچوك و سەوزایی سەر شەقامەکان، کە سەر بە بەشی باخچەکانی شارەوانین، بەڵام بەشێکیتر پێیانوایە ناوچەی سەوزایی جگە لەوانەی پێشتر باسمانکرد، هەریەك لە (ناوچەی کشتوکاڵی،یاریگا،باخچەی ناو خانوەکان، گۆڕستانەکان) دەگرێتەوە[1]ناوچە سەوزەکان لە شاردا گرنگی زۆریان هەیە، بە سەرچاوەی هەوای پاك بۆ دانیشتوان دادەنرێن،

---

[1]صبری فارس الهیتی و صالح فلیح حسن، جغرافیة المدن، دار الکتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، الموصل، ١٩٨٦، ص٨٣.

[2]عبدالاله ابو عیاش، التخطیط للخدمات الترویحیة (اطار نضری)، بحث مقدمة الی المؤتمر السادس لمنطقة المدن العربیة ، عقد فی الدوحة (قطر) من (١-٤) مارس ١٩٨٠، ص٢٠٧.

[3]بەختیار ئەحمەد حسێن، ناوچە سەوزاییەکانی ناو شاری سلێمانی(لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای شار)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی جوگرافیا، زانکۆی سلێمانی،٢٠١٠،لا١٢.

[1]هەمان سەرچاوە،لا١١-١٢.

هەروەها ناوچەیەکی ئارامن کەوا دانیشتوان تیایدا پشوو دەدەن و دوور دەکەونەوە لە ژیانی قەرەباڵغ و جەنجاڵی شار[٢].

**٤- شار :**

بەر لەوەی پێناسەی شار بکەین، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە بەهۆی جۆراو جۆری پێوەرەکان بۆ پێناسەی شار لەلایەك و جیاوازی بۆچوونی توێژەران و زانایان دەربارەی شار، وایکردوە کە شار پێناسەی جیاوازی بۆ بکرێت لەسەر بنەمای :

١- **ژمارەی دانیشتوان :** لە ئەمریکا هەر شوێنێك ژمارەی دانیشتوانی (٢٥٠٠)کەس زیاتر بێت بە شار دادەنرێت.

٢- **بنەمای کارگێڕی :** هەر شوێنێك بە بڕیاری کارگێڕی کرابێت بە شار، نمونە وەك ئەوە لە عێراق و هەرێمی کوردستان (ناحیە ، قەزا ، پارێزگا).

٣- **بنەمای پیشەیی :** دانیشتوانی شار سەرقاڵی پیشەی نا کشتووکاڵین[٣].

لە پێناسەیەکی تردا شار ئەو شوێنەیە کە دانیشتوان تیایدا نیشتەجێن و ژمارەیان زۆرە و پشت بە پیشەی کشتوکاڵ نابەستن و شار پلەیەکی بەرزی ڕێکخستنی هەیە[٤].

لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە ئەو ڕەگەزانەی، کە شار پێکدێنن وەك: (بینا، هۆکارەکانی گواستنەوە) هەر یەکێکیان کەسایەتییەکی تایبەتی و سروشتێکی جیاوازیان هەیە، ئەوەش وادەکات، کە تەواوکاری (التكامل) لە شاردا دروست ببێت، لە ڕووی پیشەوە دانیشتوان سەرقاڵی کاری بازرگانی و پیشەسازین[٥].

لەمەوە دەردەکەوێت ناوچە سەوزەکان لە شاردا گرنگی زۆریان هەیە، چونکە ناوچەیەکی جوانن و هەواکەیان پاکە و دیمەنی جوانیان هەیەو دانیشتوانی شار بۆ بەسەربردنی کاتی خۆش و دوورکەوتنەوە لە قەرەباڵغی لەکاتی پشوودا ڕوویان تێدەکەن، لەسەردەمی ئێستادا ماستەرپلان بۆ ئەوە دادەنرێت، تا شار بەشێوەیەکی زانستی و پلان بۆدانراو گەشە بکات لە داهاتودا و تا بتواندرێت سەرجەم بەکارهێنانەکانی زەوی بۆ دانیشتوانی شار فەراهەم بکات، ناوچەی توێژینەوە، سەنتەرێکی گەورەی شارنشینیە لە پارێزگای سلێمانی، لەم لایەنەوە توێژینەوە و هەڵسەنگاندن و فەراهەمکردنی ناوچەی سەوزایی پێویست بۆ دانیشتوانەکەی، پێویستییەکی هەنوکەیی و زانستی گرنگە.

دوای ئەوەی لە باسەدا ناوچەی توێژینەوەمان ناساند و چەمکەکانی (ماستەرپلان و شار و ناوچەی سەوزایی)مان ڕونکردنەوە، لە باسی داهاتودا تیشك دەخەینە سەر گرنگی بەکارهێنانی زەوی بۆ ناوچەی سەوزایی و ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەری .

---

[٢] بروانە : أ- صبری فارس الهیتی ، جغرافیة المدن، دار الصفاء للنشر والتوزیع ، عمان، الادرن ، ص١٤٩.

ب- عثمان محمد غنیم ، تخطیط استخدام الارض الریفی والحضري(اطار الجغرافي عام)، دار الصفاء للنشر والتوزیع ، عمان- الاردن، ٢٠٠٨، ص٢١٧ -٢١٨.

[٣] بروانة : أ- عبداللة عطوی، جغرافیة المدن، الجزء الاول، دار النهضة العربیة، بیروت- لبنان، ٢٠٠١، ص١٢-١٦.

ب- کاید عثمان ابو صبحة، جغرافیة المدن، المصدر السابق، ص٣٨-٤٢.

[٤]عبدالفتاح محمد وهیبة، فی جغرافیة العمران، دار النهضة العربیة، بیروت — لبنان، ١٩٨٠، ص٣٥.

[٥]عبداللة اسماعیل محمد، دور العوامل الاجتماعیة والاقتصادیة فی التوسع الحضری لمدینة اربیل للفترة ١٩٩٤ — ٢٠٠٨، دراسة تحلیلیة حضریة ـ اطرحة دکتوراه، کلیة اداب، قسم علم الاجتماع، جامعة صلاح الدین، ٢٠٠١، ص٩-١٠.

**باسی دووەم/ گرنگی بەکارهێنانی زەوی بۆ ناوچەی سەوزایی و ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەری**

لەم باسەدا تیشك دەخەینە سەر گرنگترین ئەو هۆکارانەی، کە وایکردوە (جوگرافیناسانی شار و پلاندانەران و سەرجەم ئەو پسپۆڕیانەی، کە پەیوەندییان بە ماستەرپلان و بەکارهێنانی زەوی شارەوە هەیە) گرنگی بە بەکارهێنانی زەوی شار بۆ ناوچەی سەوزایی بدەن، وێڕای هەوڵدان بۆ خستنەڕوی گرنگی ئەو ناوچە سەوزەکانی شار. گرنگترین ئەو هۆکارانەش، کە کاردەکەنە سەر بەکارهێنانی زەوی بۆ ناوچەی سەوزایی ئەمانەن:

١- **هۆکاری جوگرافی :** زۆرێك لە چالاکیە مرۆییەکان لەکاتی پلاندانانندا ڕەچاوی هۆکاری جوگرافی دەکەن، چونکە وەك دەزانرێت ناوچەی دەشت بە ئاسانی پلانی بۆ دادەنرێت و ڕێگای تێدا دروست دەکرێت بە بەراورد لەگەڵ ناوچەی شاخاوی، هەربۆیە لەکاتی پلاندانان بۆ ناوچەی سەوزایی پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت واباشە ناوچە سەوزەکان لەناوچەی تەخت دا دروست بکرێن بۆ ئەوەی ڕووبەریان فراوان بێت، ئەوە جگە لەوەی لەناوچەی دەشت دا ڕێگا بەئاسانی دروست دەکرێت و خەڵکی بە ئاسانی دەتوانن بگەنە ناوچە سەوزەکان، [١] کە ئەوەش یەکێکە لەو مەرجانەی لەکاتی پلاندان دەبێ لەبەرچاوبگیرێت، تا ناوچە سەوزەکان سود بە زۆرترین خەڵك بگەیەنن.

لەمەوە دەردەکەوێت تا زەوی شار تەخت بێت ئەوا باشترە بۆ دروستکردنی ناوچەی سەوز و دروستکردنی ڕێگا، ئەوە جگە لەوەی کە لەڕووی ئابوریەوە تێچوون کەم دەکاتەوە و ماوەی تەواوکردنی پرۆژەکانیش کەمترە،بە پێچەوانەی ناوچەی شاخاوی.

٢- **هۆکاری ئابوری** :ئاستی بژێوی و قەبارەی خێزان و زیادبوونی داهاتی خێزان و باشتر بوونی باری ئابوری خێزان، هەموو ئەوانە هاندەرن، کە خێزان زیاتر ڕووبکاتە ناوچە سەوزایەکان و چالاکی خۆشگوزەرانی، چونکە گەر تاك یان خێزان باری ئابوریان باش بێت ئەوا دەتوانن بڕێکی زیاتر پارە بۆ سەردانی ناوچەی سەوزو چالاکی خۆشگوزەرانی دابین بکەن، بەجۆرێك لەسەرەتای سەدەی (١٩)دا زۆربەی داهاتی خێزان بۆ بواری (خانوو، جلو بەرگ، خۆراك) خەرجدەکرا دەکرا، بەڵام لە ئێستادا بەشێکی گرنگی داهاتی خێزان دابینکراوە بۆ فێرکردن و خۆشگوزەرانی و گەشت کردن[٢].

لەمەوە دەردەکەوێت تا ئاستی ئابوری خێزان باشتر بێت ئەوا زیاتر ڕوودەکەنە ناوچەی سەوزایی و بواری خۆشگوزەرانی، هەربۆیە پێویستە لەکاتی پلاندانان بۆ ناوچەی سەوز لە شاردا ئاستی ئابوری دانیشتوانی ئەو شارە لەبەرچاو بگیرێت، ئەمە وێڕای ئەوەی ناوچەی سەوزایی بەتایبەت پارکەکان، لە ئێستادا سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ داهاتی دەوڵەت و بەشێك لە دانیشتوانی شار، چونکە لە ناو پارکەکان کافتریا و خواردنگە و شاری یاری و...هتد بونیان هەیە، کە ئەمە لەلایەك کارئاسانی دەکات تا خەڵکی شارەکە چێژی زیاتر لە ناوچە سەوزەکان وەربگرن کاتەکانی پشوییان لەوێ بەسەرببەن، لەلایەکیتریش سودی ئابوری هەیە.

---

[١] بروانە : عثمان محمد غنيم، تخطيط استخدام الارض الريفي والحضري، المصدر السابق، ص٤٣.

[٢] بروانة : أ- اسحاق يعقوب القطب، مفهوم الترويح ونظرياته وأسسه فى المجتمعات الحضرية المعاصرة، بحث مقدمة الى المؤتمر السادس لمنظمة مدن العربية، عقد فى الدوحة من (١-٤) مارس ١٩٨٠، ص١٩٤.

ب- صبرى فارس الهيتى - استخدامات الارض الترفيهية فى مدينة بغداد، مجلة جمعية الجغرافية - تصدرها الجمعية الجغرافية العراقية، المجلد الثالث العشر، ١٩٨٢، ص٨.

**٣- هۆکاری کۆمەڵایەتی و دەرونی** :ناوچە سەوزەکان گرنگیان زۆرە بۆ بەسەربردنی کاتی بەتاڵی و بێتاقەتی ، جگەلەوەی شوێنێکن بۆ چالاکییە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانی وەك: ئاهەنگگێڕان(وێنەگرتنی بوك و زاوا و ئاهەنگی ژن گواستنەوە) و پیاسەی ڕۆژانە و نانخواردنی کاتی سەیران و وەرزشی ڕۆژانە و پەیوەندیکردن لەگەڵ دۆستان و ژوان و یەکتربینینی برادەران بەکاردێن، لە دەڤەری توێژینەوەش وەك ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت لە دوای جەژنی نەورۆز تا کۆتایی پایز، بەشێکی بەرچاوی خێزانەکان، دوای نیوەڕۆییان بۆ پشودان و نانخواردن ڕودەکەنە پارکەکانی دەروازەی شار، لەکاتی ئەم دەرچونانەدا زۆربەیان بەشێوەی چەند خێزانێك بەیەکەوە دەردەچن، یان لەوێ خزم و برادەرەکانییان دەبینن، ئەمەش دەبێتەهۆی دروستکردنی ژینگەیکی گونجاو بۆ بەهێزبون و نوێکردنەوەی پەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکان و تێکەڵبونی هەموو چین و تاکەکانی کۆمەڵگا بەکتر، ئەمەش دەبێتە هۆی کرانەوەی زیاتری کۆمەڵایەتی و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری دانیشتوان بەگشتی[1]چونکە شارەکان ژمارەی دانیشتوانیان زۆرە چڕی دانیشتوان بەرزە و قەرەباڵغن و ژمارەی ئۆتۆمبێلیان زۆرە و دەنگەدەنگی زۆریان هەیە، بۆیە گەر تاك بەشێك لە کاتەکانی لەناوچەی سەوزایی و خۆشگوزەرانی بەسەر ببات ئەوا هەست بە ئارامیەکی زۆر دەکات لە ڕووی دەرونیەوە و دوور دەکەوێتەوە لەنەخۆشی و گرێی دەرونی و تەندروستیەکی باشی دەبێت و تواناکانی نوێ دەبێتەوە و دەتوانێت باشتر کاربکات و بەمەبەش کاریگەری ئەرێنی دەبێت لەسەر داهاتی دەوڵەت و ئابوری دەوڵەت[2].

**٤- هۆکاری ڕۆشنبیری**: ئاستی ڕۆشنبیری و زانستی دانیشتوان پەیوەندیەکی پتەوی هەیە بە پلاندانان بۆ ناوچەی سەوزایی لە شار ، بەجۆرێك ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی کە لەبواری (ڕۆژنامە، چاپەمەنی، ڕەنگاو ڕەنگ، گۆڤار، تەلەفزیۆن، ڕادیۆ) داهاتۆتەدی لەگەڵ پێشکەوتنی هۆکارەکانی گواستنەوە(ووشکانی، ئاسمانی ، دەریایی )وای کردوە خەڵکی زیاتر ڕوو بکەنە ناوچەکانی سەوزایی و خۆشگوزەرانی[3]. لەمەوە دەردەکەوێت تا ئاستی ڕۆشنبیری دانیشتوان بەرزتر بێت و کراوەتربن ئەوا زیاتر ڕوو دەکەنە ناوچە سەوزەکان و ناوچەی خۆشگوزەرانی ، وە بە پێچەوانەی ئەوەش ڕاستە، هەربۆیە پێویست لەکاتی پلان دانانندا ئاستی ڕۆشنبیری دانیشتوانی شار لەبەرچاو بگیرێت.

**٥- هۆکاری ژینگەیی و تەندروستی**:ناوچە سەوزەکان لە ڕووی ژینگەوە گرنگی زۆریان هەیە چونکە ئاووهەواکەیان پاکە و ڕێگە لە پیس بوونی ژینگەیی دەگرێت[1]. هەروەها ناوچە سەوزەکان سنورێك بۆ گەرمای زۆری هاوین دادەنێت، چونکە بەشێك لە تیشکی خۆر دەمژێت و دارەکان سێبەر دروستدەکەن، هەروەها سنورێك

---

[1] بەختیار ئەحمەد حسێن، سەرچاوەی پێشوو،ل٢٧-٢٨.

[2] بروانە : أ- عظمی محمد، أثر العوامل الاجتماعیة فی التخطیط للخدمات الترفیهیة، المؤتمر السادس لمنظمة المدن العربیة ، عقد فی الدوحة من(١-٤) مارس ١٩٨٠، ص١١٢.

ب- صبری فارس الهیتی، استخدامات الارض الترفیهیة فی مدینة بغداد، المصدر السابق، ص٨.

ج-علی سالم احمیدان الشواورة، المدن(تضخمها.سلبیاتها.تخطیطها)،دار الصفاء للنشر والتوزیع،ط١، عمان الاردن،٢٠١٤،ص٣٧٦.

[3] بروانة : أ- اسحاق یعقوب القطب ، مفهوم الترویح ونظریاته وأسسه في المجتمعات الحضریة المعاصرة، المصدر السابق، ص١٩٤.

ب- صبری فارس الهیتی، استخدامات الارض الترفیهیة فی مدینة بغداد، المصدر السابق، ص٨.

[1] صبری فارس الهیتی و صالح فلیم حسن، جغرافیة المدن، المصدر السابق، ص١٤٦.

بۆ سەرمای سەختی زستان دادەنێن و ڕێژەی شێ زیاد دەکات(ئەم تایبەتمەندییە بۆ ناوچەی توێژینەوە زۆر گرنگە، چونکە وەك پێشتر باسمانکرد لە وەرزی زستاندا پلەکانی گەرمای زۆر دادەبەزێت، بۆ تا ڕێژەی سەوزایی زیاتر بێت باشترە) و ئاووهەوایەکی دڵڕفێن بۆ دانیشتوانی شار دابین دەکات، هەروەها ناوچە سەوزەکان بەهۆی بوونی دیمەنی جوان سەرنجی دانیشتوان و گەشتیار بۆلای خۆیان ڕادەکێشێن، سەرەڕەی ئەوەی سنور بۆ تیشکی خۆر و تیشکدانەوەی بینا و ئۆتۆمبێل و تەنەکانیتر دادەنێن و دەبنەهۆی پاراستنی چاو[٢] . ئەوە جگە لەوەی ناوچە سەوزەکان وەك پاڵاوگەیەك وان هەواو ژینگە لە تەپ و تۆز پاك دەکەنەوە، چونکە ناوچە سەوزەکان خێرایی باو تەپ و تۆز و گەردەلول کەم دەکەنەوە[٣].جگە لەوەی ڕێژەی ئۆکسجین زیاد و ڕێژەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن کەمدەکەنەوە،هەربۆیە ناوچە سەوزەکان بە سیی شارەکان دادەنرێن و نەخۆشیەکانی کۆئەندامی هەناسەدان کەمدەکەنەوە و خاك دەپارێزن لە ڕامالین، ژاوەژاو و دەنگی شار کپ دەکەن[٤] و لەمەوە دەردەکەوێت ناوچە سەوزەکان لە بواری ژینگەیی و تەندروستی گرنگی و بایەخێکی زۆریان هەیە چونکە دەبنە سەرچاوەی هەوای پاك و ژینگەی شارەکان لە پیسبوون دەپارێزن، جگە لەوە دیمەنی شارەکان جوان دەکەن.

٦- **هۆکاری جوانی** :ناوچەی سەوزایی ( پارك، دارستان، باخچەی ناو گەڕەکەکان، گوڵوگوڵزار...هتد)، ڕەگەزی بنچینەیی و گرنگن بۆ جوانکردنی شار و دیمەنەکەی و وا دەکەن دیمەنێکی سروشتی بە شارەکە ببەخشن و سنورێك بۆ باڵەخانەکان و دامەزراوە مرۆییەکانیتر دادەنێن و جوانی بەشار دەبەخشن[٥] و دەکرێ دیمەنی جوان و سەرنجڕاکێشیان تێدا دروستبکرێت وەك( تاڤگەی بچوك، حەوزی ئاوی )، کە هەمو ئەمانە، جگە لە جوانکردنی شار، ئارامی دەرونیش بە دانیشتوان دەبەخشن.

لە پوختەی ئەو زانیارییانەی کە لەو باسەدا خرایەڕوو دەکرێ بڵێین، ناوچە سەوزەکان لە شاردا گرنگی و بایەخی زۆرییان هەیە بۆ دانیشتوان، سەرچاوەی هەوای پاك و فێنکن و ژینگە لە پیسبون دەپارێزن و بایەخی تەندروستیان هەیە، شوینێکی گرنگ و سەرنجڕاکێشن و جوانی بەشار دەبەخشن و بۆ پشودان و بەسەربردنی کات و دورکەوتنەوە لە جەنجاڵی شار، دانیشتوان ڕویان تێدەکەن و ئارامی دەرونیان پێدەخشێت، ئەمە وێڕای گرنگی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری.

---

[٢]بڕوانە: أ- شێروان عمر رەشید، بنەماکانی جوگرافیای سروشتی و گەشەپێدانی گەشت و گوزار لە پارێزگای سلێمانی، نامەی ماستەر، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی ، (٢٠٠٦). بڵاو کراوە. ل١١٢-١١٣.

ب- صفاء جاسم محمد،خطة مقترحة بيئية ـ تخطيطية لمستقبل الفضاءات الخضراء فى المدن العراقية ( مدينة السماوةنموذجا)،http://alafak-algeographg.blogspot.com/٢٠١٣/٠٣/blog-post_٦٤٦٣.html، ٢٠،مارس ، ٢٠١٣ ،ص٧-٨.

[٣]لوقمان وسوو عمر، توانستە جوگرافیە گەشت و گوزاریەکانی قەزای کۆیە، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٦، ل١١٧-١١٨.

[٤]بڕوانە:أ-صفاء جاسم محمد، المصدر السابق،ص٨.

ب- بەختیار ئەحمەد حسێن، سەرچاوەی پێشوو،ل٢٩.

[٥]صفاء جاسم محمد، المصدر السابق،ص٩.

دوای ئەوەی لەم باسەدا گرنگی ناوچە سەوزەکانمان خستە ڕو، لە باسی داهاتودا ئاماژە بە جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی بۆ ناوچەی سەوزایی دەکەین لە شاری قەلادزێ و هەولدەدەین ڕێژەکەی هەلبسەنگێنین، بە گوێرەی پێوەرەکانی بواری بەکارهێنانی زەوی‌لە شاردا.

**باسی سێیەم / جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی بۆ ناوچەی سەوزایی لە شاری قەلادزێ و هەلسەنگاندنی ڕێژەکەی**

ئامانجی سەرەکی ئەم باسە، خستنەڕوی جۆرەکانی ناوچەی سەوزایی ناوچەی توێژینەوەیە، سەرەڕەی هەولدان بۆ هەلسەنگاندنی ڕێژەکەی بە گوێرەی پێوەرەکانی ئەوبوارە،

**تەوەرەی یەکەم/ جۆرەکانی ناوچەی سەوزایی**

ناوچەی سەوزایی لە ناوچەی توێژنەوە دەکرێت بەم جۆرانە :

**یەکەم / دارستان:** دەکەوێتە بەشی باشوری ڕۆژئاوای شاری قەلادزێ،دابەشبوە بەسەر گەڕەکی پیشەسازی و دەروازەی شار(نەخشەی ٤)، وەك لە وێنەی (١) دیارە، زۆرینەی دارەکانی پێکهاتوون لە داری سنەوبەر، و لەبەردەمیدا پارك دروستکراوە، سیمای دەروازەی شارەکەی جوانکردوە و (لە سالی (١٩٧٨) دروستکراوە، بە ئامانجی گەشتوگوزار و جوانکردنی دەروازەی شارەکە)[*] .

وێنەی (١)

دارستانی قەلادزێ، لە دەروازەی شار



سەرچاوە/ لەلایەن توێژەرانەوە وێنەکە گیراوە، لە بەرواری (٢٠١٦/٣/١٩).

**دووەم / پارك و باخچەی گشتی** :پارکەکانی دەروازەی شار دەگرێتەوە، گرنگترینیان پارکی دەروازەیە ، کەوتۆتەدەروازەی شار، پارکەکان بەوە دەناسرێنەوە، لە سەیرکردنی وێنەی (٢) دیارە، کە ڕووبەرێکی فراوانی هەیە و سیمایەکی زۆر جوانی بە شارەکە بەخشیوە، وێڕای ئەوەی چەندین کەپری گەشتییاری و یاری مندالانی تێدا دروستکراوە، ئەم پارکانە تەواوی خەلکی شارەکە بۆ بەسەر بردنی کاتەکانی پشوو بەگەورەو بچووك ڕوویان

[*] چاوپێکەوتنن لەگەل بەڕێز: (محمد علی ئیبراهیم)، لێپرسراوی هۆبەی دارستان و پاوانی پشدەر، بەرواری ٢٠١٦/٤/١١.

**تێدەکەن، بە تایبەت لە وەرزی بەهار و ڕۆژانی پشووەکان، سەرەڕای ئەوەی بۆ چەند بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی خەڵکی ڕوویتێدەکەن، وەك ئاهەنگی ژن گواستنەوە و وێنەگرتنی بووك و زاوا.**

**وێنەی (٢)**

**پارکی دەروازە، لە دەروازەی شار**



سەرچاوە/ وێنەکە لەلایەن توێژەرانەوە گیراوە، لە بەرواری (١٩/٣/٢٠١٦).

**سێیەم / باخچەی ناو گەڕەکەکان:** **ئەو باخچانە دەگرێتەوە کەلەناو گەڕەکەکاندا هەن، وە لە ئێستادا لە زۆربەی گەڕەکەکانی شاردا ئەو جۆرە باخچانە بەدی دەکرێن، بە بەراورد بە پارکەکان، بەوە دەناسرێن، کە ڕووبەرەکانیان بچوکترە و کەمتر یاریەکانی منداڵانی تێدایە(بڕوانە وێنەکانی ٣ و ٤) و ئامانجی سەرەکی دروستکردنی ئەم باخچانە زیاتر فەراهەمکردنی ناوچەی سەوزاییە بۆ گەڕەکەکان و جوانکردنی سیمایان.**

**وێنەی (٣)**

**باخچەی سنەوبەر، لە گەڕەکی خانەقا**



سەرچاوە/ لەلایەن توێژەرانەوە وێنەکە گیراوە، لە بەرواری (١٩/٣/٢٠١٦).

وێنەی (٤)

باخچەی کازیوە، لە گەڕەکی چوارچرا



سەرچاوە/ لەلایەن توێژەرانەوە وێنەکە گیراوە، لە بەرواری (٢٠١٦/٣/١٩).

**چوارەم / ناوچەی سەوزایی نێوان دوو سایدەکان:**

ئەو ناوچانە سەوزانە دەگرێتەوە کە کەوتوونەتە نێوان دووسایدەکان (**الجزیرة الوسطیة**)، نموونەش بۆ ئەوە وەك (دوو سایدی دەروازەی شار، دووسایدی ناو بازاڕ، دووسایدی بەردەم شارەوانی)، ئامانجی سەرەکی لە سەوزکردنی نێوان دوو سایدەکان، جوانکردنی شار و زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی شارەکەیە، چونکە ئەو ڕووبەرەی دەکەوێتە نێوان دوو سایدەکان، بۆ هیچ بواریکیتر سودی نابێت، جگە لە سەوزایی.(وێنەی ٥ و ٦)

وێنەی (٥)

دووسایدی دەروازەی شار، ڕێگای سەرەکی قەڵادزێ بۆ ڕانیە



سەرچاوە/ لەلایەن توێژەرانەوە وێنەکە گیراوە، لە بەرواری (٢٠١٦/٣/١٩).

وێنەی (٦)

دووسایدی ناو بازاڕ



سەرچاوە/ وێنەکە گیراوە لەلایەن توێژەرانەوە، لە بەرواری (٢٠١٦/٣/١٩).

**تەوەرەی دووەم/هەڵسەنگاندنی ڕێژەی بەکارهێنانی زەوی بۆ ناوچەی سەوزایی:**

لە شاردا، تەنها بوونی ناوچەی سەوزایی گرنگ نیە، بەڵکو پێویستە لە ڕوی ڕێژەی سەدی دابەشبونی جوگرافی و بەرکەوتی تاک لەسەر ئاستی گەڕەکەکانی شار بەشێوەیەکی هاوسەنگ بێت ، بە گوێرەی پێوەرەکان، لەسەر ئاستی (ڕوبەری ناوچە سەوزەکان ) و (بەرکەوتی تاک) هەڵسەنگاندن دەکەین بۆ دابەشبونی ناوچە سەوزاییەکانی ناوچەی توێژینەوە:

أ- **پێوەر لەسەر ئاستی ڕوبەری شار و گەڕەك:**جیاوازی بۆچوون لە نێوان پلاندانەران و نووسەران و توێژەرانی جوگرافیای شاردا هەیە سەبارەت بە ڕێژەی ناوچەی سەوزایی لە شاردا، جگەلەوەی لە ولاَتێکەوە بۆ ولاَتێکیتر و لە شارێکەوە بۆ شارێکیتر جیاوازی هەیە ، چونکە جیاوازی هەیە لەڕوی (ئاوهەوا، باران، خاك، ئاوی سەرزەوی و ژێر زەوی،جۆری خانو و باڵەخانە،دۆخی ئابوری)، پێوەری ڕوبەر بەکارهێنانی ئاسانە، بەڵام گرنگترین لایەنی نەرێنی ئەو پێوەرە ئەوەیە، بە هەڵەماندادەبات لە کاتی (بوونی چڕی بەرزی دانیشتوان، بونی باڵەخانەی بەرزی نیشتەجێبون)[1] وسەبارەت بە ڕێژەی دیاریکراوی ناوچەی سەوزایی لە شاردا، لێرەدا چەند بۆچوونێك دەخەینە ڕوو :

+ (د. صبری فارس الهیتی و عبداللة عطوی) ئاماژەیان بەوەکردوە کە پلان دانەران دەڵێن کە ڕووبەری سەوزایی شار نابێت لە (١٠٪)ی ڕووبەری گشتی شار کەمتر بێت[2].

---

[1] مقداد جمیل محمد و محمد یونس احمد، اثر المناطق المفتوحة الخضراء علی الحیاة الاحتماعیة فی مدینة الموصل، بحث منشور http://dz-archi.blogspot.com, علی ٢٠١٥/٤/١٠،ص٥.

[2] بروانە : أ- صبری فار الهیتی، جغرافیة المدن، المصدر السابق، ص١٥٠.

ب- عبداللة عطوی، جغرافیة المدن، المصدر السابق، ص٢٤١.

+ (د. عثمان محمد غنیم) ئاماژەی بەوە کروده نابێ ڕوبەری سەوزایی لە شاردا لە (١٥٪)کەمتر بێت، دەکرێ ئەم ڕێژەیە گۆڕانکاری بەسەردابێت، بە گوێرەی جیاوازی چڕی دانیشتوان(بەرز، نزم) و سروشتی ناوچەکە(کشتوکاڵی، پیشەسازی، بیابانی)[٣].

+ (عبدالله اسماعیل محمد) لە تێزی دکتۆراکەیدا ئاماژەی بەوەکردوە، کە ڕووبەری ناوچەی سەوزایی لە شاردا نابێ لە (٣٠٪) کەمتر بێت، ئەوەش پێوەرێکی جیهانیە[٤].

١- **ڕێکخراوی نەتەوەیی ئەمریکی** بۆ خۆشگوزەرانی و باخچەکان: پێویستە لە شارە نوێیەکاندا، لانیکەم (٢٥٪) ی ڕوبەری شارەکە، بۆ ناوچەی سەوزایی دابینبکرێت[٥].

٢- **پێوەری عێراقی** :دەبێ (١٥٪)ی ڕووبەری شار ناوچەی سەوزایی بێت، شارەوانی رانیە ئیشی پێدەکات[٦].

+ لە سەرچاوەیەکی جوگرافیای خزمەتگوزاریدا: پێویستە (١٠٪)ی ڕوبەری شار تەرخانبکرێت بۆ ناوچەی سەوزایی[١]

+وەزیری ژینگەی حکومەتی هەرێم ٢٠٠٩: گەرچی تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان پێوەر بۆ ناوچە سەوزەکانی شار دیاری نەکراوە، بەڵام وەزیری ژینگە تەرخانکردنی (١٥٪)ی ڕوبەری شار بۆ سەوزایی، بە ڕێژەیەکی باش و گونجاو دەزانێت لەگەڵ باری کەشوهەوا و خاك و ژمارەی دانیشتوان و ڕەوشی شارەکانی هەرێمی کوردستان.[٢]

٣- **توێژینەوەی نێودەوڵەتی**: توێژەرێك به ناوی (گۆڵ کۆهن)، دەڵێ نابێت ڕوبەڕی سەوزایی لە (٢٠٪) ی ڕوبەری شار کەمتر بێت[٣]

٤-**وولاتانی ئەوروپی و ئەمریکی**: لە زۆربەی شارەکانی ئەڵمانیا ڕێژەی ناوچەی سەوزایی لە نێوان(٢٠-٤٠٪) ی کۆ ڕوبەری شار پێکدەهێنێت.[٤] و لە هەندێك شاری ئەمریکی ڕێژەی ناوچەی سەوزایی (٢٠,٤٪) ی کۆی ڕوبەری شارەکان پێکدەهێنن.[٥]،

---

[٣]معاییر التخطیط(فلسفتها و أنواعها و منهجیة إعدادها و تطبیقاتها فی مجال التخطیط العمرانی)، دار الصفاء للنشر والتوزیع، عمان، ٢٠١١، ص١٥٤.

[٤]، دور العوامل الاجتماعیة والاقتصادیة فی التوسع الحضری لمدینة اربیل، المصدر السابق، ص١٥٩.

[٥]بشیر ابراهیم لطیف و محسن عبد علی و ریاض کاظم سلمان الجمیلی،خدمات المدن(دراسة فی الجغرافیة التنمویة)،بدون اسم المطبعة،٢٠٠٩،ص١٤٢.

[٦]حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرۆکایەتی شارەوانی رانیە ، بەشی دیزاین و ڕوپێوکاری ، زانیاری دەربارەی پێوەری عێراقی بۆ بەکارهێنانی زەوی شار بۆ ناوچەی سەوزایی . زانیاری بڵاونەکراوە.

[١]بشیر ابراهیم لطیف و محسن عبد علی و ریاض کاظم سلمان الجمیلی،المصدر السابق، ص١٤٢.

[٢]بەختیار احمد حسێن، سەرچاوەی پێشوو، لا١٢٣.

[٣] Ahmad Beiranvand, Amir EslamBonyad , JavadSousani, Evaluation of Changes in Per Capita Green Space through Remote Sensing Data, International journal of Advanced Biological and Biomedical Research , ISSN: ٢٣٢٢ - ٤٨٢٧, Volume ١, Issue ٤, ٢٠١٣: ٣٢١-٣٣٠, Available online at http://www.ijabbr.com,p٣٢٢.

[٤]مقداد جمیل محمد و محمد یونس احمد،المصدر السابق،ص٥.

[٥]صفاء جاسم محمد، المصدر السابق،ص١٠.

+ شاری هەولێر و سلێمانی لە ساڵی (٢٠٠٩): ڕێژەی سەوزایی لە شاری هەولێر گەیشتۆتە (٨٪) و لە هەمان ساڵدا لە شاری سلێمانی ڕێژەی ناوچەی سەوزایی (٥,٧٪) بوە و، بە وتەی وەزیری ژینگەی حکومەتی هەرێم لە هەمان ساڵدا، ڕێژەی سەوزایی لە شارەکانی هەرێمی کوردستان (٢٪)بوە.[٦]

++ کەواتا دەکرێ پێوەرەکان بکەین بە(٢) دەستە:

**یەکەم/ پێویستە ڕێژەی سەوزایی لە (١٥٪) کەمتر نەبێت**: کە ستانداردێکی خۆجێیە و لەلایەن وەزیری ژینگەی حکومەتی هەرێم ڕێژەیەکی گونجاوە و شارەوانیەکانیش کار پێدەکەن و پێوەرێکی عێراقیە.

**دووەم/ پێویستە سەوزایی ڕێژەکەی لە نێوان (٢٠-٤٠٪)**: کە ئەمەش ستانداردێکی جیهانیە و لەلایەن زۆربەی توێژەران و ڕێکخراوەکانی ئەم بوارە و شارەکان لە ئەوروپا و ئەمریکا بە ڕێژەیەکی گونجاو دەزانرێت و کارپێدەکرێت.

لەم ڕوانگەیەوە و بە بەکارهێنانی ئەم پێوەرە و بە سەرنجدان لە نەخشەی(٤) و خشتەی (١)، دەکرێ بڵێین:

١-ڕوبەری سەوزایی لە شاری قەڵادزێ نزیکەی (١٤٪)ی کۆی گشتی ڕوبەری شارەکە پێکدەهێنێت، ئەم ڕێژەیەش تا ڕادەیەك کەمترە لەو پێوەرەی کە لەلایەن وەزیری ژینگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پەسەندکراوە، وێڕای ئەوەی ڕێژەکە کەمترە بە بەراورد بە پێومری عێراقی و ئەوروپی وەك پێشتر ئاماژەمانپێکرد، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی ماستەرپلان بۆ شارەکە،چونکە شاری قەڵادزێ لە ساڵی (٢٠١٢) بۆ یەکەمجار ماستەرپلانی بۆ دانراوە، جگە لەوەش فراوانبونی ئاسۆیی شارەکە، هۆکارێکیترە بۆ کەمی ڕێژەی ناوچەی سەوزایی لە شارەکە، بەڵام شایەنی ئاماژەپێکردنە ڕێژەی ناوچەی سەوزایی لە ناوچەی توێژینەوە زیاترە لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و زۆربەی شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان وەك پێشتر ئاماژەمانپێکرد.

٢- ڕێژەی سەوزایی لە گەڕەکەکانی(ئیمام قاسم،جوتکانیان، کارەباساوێن) لە (٠٪) و دەکەونە ئاستی زۆر خراپ، هۆکاری ئەوەش گەر سەیری نەخشەی (٤) بکەین، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زۆربەی ئەو گەڕەکانە لە کۆنترین گەڕەکانی شاری قەڵادزێن بە بێ نەخشە و بە بێ پلان دروستکراون و زۆربەی زەوییەکانیان بۆ نیشتەجێبون و بوارەکانیتر بەکارهاتوە و لە ئێستادا زەوی بەتاڵیان زۆر کەمە، بۆیە ڕێژەی سەوزاییان نییە.

٣- گەڕەکی پیشەسازی ڕێژەی سەوزایی نزیکەی (٥٩٪) یە لە ڕوی زۆری ڕوبەری ناوچەی سەوزایی لە پلەی یەکەمدایە و و دەروازەی شاریش ڕێژەکەی نزیکەی(٥٨٪)و لە پلەی دووەمدایە، بە بەراورد بە پێوەرە ناوخۆیی و ئەوروپی و جیهانییەکانیان ڕێژەی ناوچەی سەوزاییان زۆر باشە.

[٦] بەختیار ئەحمەد حسێن، سەرچاوەی پێشوو،لا١٢٣,٣٤٧.

نەخشەی(٤)

**بەکارهێنانی زەوی بۆ ناوچەی سەوزایی لە ناوچەی توێژینەوە و دابەشبونە جوگرافیەکەی لە ساڵی (٢٠٠٩)**




سەرچاوە/ئامادەکراوە بە پشتبەستنبە: وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار،بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشەدانان و ئاوەدانکردنەوەی،شارەوانی قەڵادزێ،نەخشەی بنەڕەتی شاری قەڵادزێ، ساڵی ٢٠٠٩، بەپێوەری ١: ٢٠٠٠.

### خشتەی (١)

### ڕێژەی* بەکارهێنانی زەوی بۆ ناوچەی سەوزایی لە ناوچەی توێژینەوە لەسەر ئاستی گەڕەکەکان لە ساڵی (٢٠٠٩)

| ناوی گەڕەك | ڕووبەر / کم٢ | ڕێژەی ڕووبەری گەڕەك لە کۆی ڕووبەری شار(٪) | ڕووبەری ناوچەی سەوزایی / کم٢ | ڕێژەی ڕووبەری ناوچەی سەوزایی لە کۆی ڕووبەری گەڕەك (٪) | ڕێژەی ڕووبەری ناوچەی سەوزایی لە کۆی ڕووبەری سەوزایی شار(٪) |
|---|---|---|---|---|---|
| شەهیدان | ٠.٧١ | ٤.٤١ | ٠.٠٢ | ٢.٨١ | ٠.٩٠ |
| ئیمام قاسم | ٠.٤١ | ٢.٥٤ | ٠.٠٠ | ٠,٠٠ | ٠.٠٠ |
| فەرمانبەران | ٠.٩٧ | ٦.٠٢ | ٠.٠٤ | ٤.١٢ | ١.٨٠ |
| جوتکانیان | ٠.٦٥ | ٤.٠٣ | ٠.٠٠ | ٠.٠٠ | ٠.٠٠ |
| دەروازەی شار** | ١.١٤ | ٧.٠٨ | ٠.٦٦ | ٥٧.٨٩ | ٢٩.٦٠ |
| پیشەسازی | ١.٨٠ | ١١.٢٠ | ٠.٩٧ | ٥٣.٨٨ | ٤٣.٥٠ |
| هەوار | ٢.١٠ | ١٣.٠٥ | ٠.١٣ | ٦.١٩ | ٥.٨٢ |
| کارەبا | ٠.٣٠ | ١.٩٠ | ٠.٠١ | ٠.٠٠ | ٠.٤٥ |
| شەهیدانی ئاشتی | ٠.٩٦ | ٦ | ٠.٠٢ | ٢.٠٨ | ٠.٩٠ |
| بڵفەت | ١.٢٥ | ٧.٧٦ | ٠.٠٨ | ٦.٤ | ٣.٦٠ |
| ڕاپەڕین | ٠.٦٨ | ٤.٢٢ | ٠.٠٢ | ٢.٩٤ | ٠.٩٠ |
| هەنارۆك | ٠.٥٥ | ٣.٤١ | ٠.٠٢ | ٣.٦٣ | ٠.٩٠ |
| ساوێن | ٠.٤٥ | ٢.٧٩ | ٠.٠٠ | ٠.٠٠ | ٠.٠٠ |
| ئاشتی | ٠.٤٢ | ٢.٦١ | ٠.٠١ | ٢.٣٨ | ٠.٤٥ |
| مامەندە | ٠.٨٩ | ٥.٥٣ | ٠.٠١ | ١.١٢ | ٠.٤٤ |
| ئاوارەکان | ٠.٥٤ | ٣.٣٥ | ٠.٠٧ | ١٢.٩٦ | ٣.١٣ |
| ئاسۆس | ٠.٨٣ | ٥.١٥ | ٠.٠٢ | ٢.٤٠ | ٠.٨٩ |
| سەرچیا | ٠.٩١ | ٥.٦٥ | ٠.١٤ | ١٥.٣٨ | ٦.٢٧ |
| خانەقا | ٠.٥٣ | ٣.٣٠ | ٠.٠١ | ١.٨٨ | ٠.٤٥ |
| *کۆی گشتی* | ١٦,٠٩ | ١٠٠ | ٢.٢٣ | ١٣.٨٥ | ١٠٠ |

سەرچاوە/ ئامادەکراوە بە پشتبەستن بە نەخشەی (٤).

* سەرجەم ژمارە و ڕێژەکانی خشتەکە بە پشتبەستنن بە نەخشەی (٤) دەرهێندراون، لە ڕێگەی بەرنامەی (Arc Gis ١٠.١).

** دەروازەی شار، گەڕەك نیە، بەلاَم لە ساڵی ٢٠٠٩دا کەوتۆتە سنوری شارەوانی شاری قەڵادزێ.

هۆکاری بەرزی ڕێژەی ناوچەی سەوزایی لەو دوو گەڕەکە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دارستانی قەلاَدزێ لە ساڵی (٢٠٠٩)دا کەوتۆتە سنوری شارەوانی و ڕووبەرێکی فراوانی هەیە و دابەشبووە بەسەر ئەو دوو گەڕەکەدا، ئەمە وێڕای بونی پارك دەروازە لە دەروازەی شاردا. لە پلەی سێیەمیشدا گەڕەکی سەرچیا دێت، کە ڕێژەی ناوچەی سەوزایی تیایدا (١٥.٣٪)یە، ڕێژەیەکی گونجاوە بە گوێرەی پێوەرە ناوخۆییەکان، بەلاَم ڕێژەیەکی نەگونجاوە بە بەراورد بەپێوەرە ئەوروپی و جیهانییەکان

٤- سەرجەم گەڕەککەکانی دیکەی شارەکە لە (ئاوارەکان، بلَفەت، هەوار، فەرمانبەران، هەنارۆك، ڕاپەرین، شەهیدان، ئاسۆس، ئاشتی، شەهیدانی ئاشتی، خانەقا) ڕێژەکەیان بە ڕیزبەندی کەم دەکات لە (١٢.٩٪) لە گەڕەکی ئاوارەکان ڕێژەکە کەمدەکات تا نزمترین ئاست لە گەڕەکی (خانەقا )هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ماستەرپلان و فراوانبونی ئاسۆیی شارەکە و بەکارهێنانی زۆربەی ڕووبەری گەرەکەکانە بۆ نیشتەجێبوون.کەواتە لە و زانیاریانەی، کە ئاماژەیان بۆ کرا دەرکەوت لە کۆی (١٩) گەڕەکی شارەکە، تەنها (٣) گەڕەکیان ڕێژەی سەدی ناوچەی سەوزاییان گونجاوە بە بەراورد بەپێوەرە ناوخۆیی و جیهانییەکان، ئەمەش دەریدەخات نارێکی و ناهاوسەنگی هەیە لەدابەشبونی ناوچە سەوزاییەکان لە سەر ئاستی شارەکە و لەگەڕەکێکەوە بۆ گەڕەکێکیتر.

٥- گەر بەراورد بکەین لە نێوان (ڕێژەی ڕوبەری گەڕەك لە کۆی ڕوبەری شار) و (ڕێژەی ڕوبەری ناوچەی سەوزایی لە کۆی ڕوبەری سەوزایی شار) دەبینین ناهاوسەنگی زۆر هەیە، بەجۆرێك هەردوو گەڕەکی (پیشەسازی و دەروازەی شار) نزیکەی (١٧.٥٪) ی کۆی ڕوبەری شار پێکدەهێنن، بەلاَم (٧٢٪)ی کۆی ڕوبەری سەوزایی شارەکە پێکدەهێنن.جگە لەو دوو گەڕەکە تەنها گەڕەکی (سەرچیا) ڕێژەی بەرکەوتی سەوزایی گونجاوە لەگەڵ ڕوبەرەکەی، لە بەرامبەردا (١٦) گەڕەکەکەیتری شارەکە ڕێژەی بەرکەوتی ناوچەی سەوزاییان کەمترە بوە بەراورد لەگەڵ ڕوبەرەکانیان.

**ب- پێوەر لەسەر ئاستی بەرکەوتنی هەر تاکێك لە ناوچەی سەوزایی:**

یەکێك لە بابەتە گرنگەکەکان، لە کاتی توێژینەوە لە ناوچە سەوزاییەکانی شار، بریتییە، لە دەرخستنی بەرکەوتی هەر تاکێك لە ناوچەی سەوزایی،چونکە لەوانەیە تەنها بەکارهێنانی پێوەری ڕێژەی سەدی ڕوبەری سەوزایی لەسەر ئاستی گەڕەك و شار، ڕاستی بەرکەوتی هەر تاکێك دەرنەخات لەناوچەی سەوزایی، چونکە ڕوبەر و ژمارەی دانیشتوانی گەڕەکەکانی شار جیاوازن لە یەکتر و لەئەنجامی ئەمەشدا، جیاوازی لە چڕی دانیشتواندا دروست دەبێت، لەبەر ئەوە بۆ دەرخستنی بەرکەوتی ڕاستەقینەی هەر تاکێك لە ناوچەی سەوزایی، ئەم پێوەرە بەکاردێت.

پێویستە بەرکەوتی تاك لە ناوچەی سەوزایی، بە گوێرەی پێوەرەکان بێت، چونکە کەمبون و دابەزینی ڕێژەی بەرکەوتی تاك لە ناوچەی سەوزایی،بە مانای کەمبونەوەی بەرکەوتن دێت لەگەڵ ژینگەی سروشتیدا،ئەم کەمبونەوەیەش، دەکرێ ببێتەهۆی بەرزبونەوەی ڕێژەی چەندین نەخۆشی پەیوەست بە شێوازەکانی ژیانی ڕۆژانەوە، لەوانە(قەڵەوی،شەکرە، شێوانی جەستە،نەخۆشییەکانی دڵ، خەمۆکی....هتد)[1]

---

[1] RagabKhalil , Quantitative evaluation of distribution and accessibility of urban green spaces (Case study: City of Jeddah), INTERNATIONAL JOURNAL OF GEOMATICS AND GEOSCIENCES, Volume ٤, No ٣, ٢٠١٤,p٥٢٧.

هەروەك لە پێوەری ناوچەی ناوچەی سەوزایی لەسەر ئاستی ڕووبەری شار و گەڕەك، جیاوای هەبوو لە نێوان پلاندانەران و نوسەران، هەروەها جیاوازی هەبوو لە شارێکەوە بۆ شارێکیتر، بەهەمان شێوە، لەبەر هەمان هۆکارەکانی کاریگەرییان هەبوو لەسەر جیاوازی پێوەری پێشوو، کە باسمانکرد،لەم پێوەرەشدا جیاوازی هەیە سەبارەت بە بڕی بەرکەوتی تاك لە ناوچەی سەوزایی، گرنگترین پێوەرەکانیش:

+ توێژەران: یەکێك لە توێژەرانی ئەم بوارە (مەجنونیان) دەڵێت: دەکرێ بەرکەوتی تاك لە ناوچەی سەوزایی لە شارێکەوە بۆ شارێکیتر گۆڕانکاری بەسەردابێت و، دەبێت ڕێژەکە لە نێوان (١٥-٥٠) م$^{٢}$/کەس بێت بۆ هەر تاکێك، لە لایەکیتر توێژەریکیتر (گۆڵ کۆهن)، پێیوایە، ستانداردی بەرکەتی تاك لە ناوچەی سەوزایی بریتییە لە (١٠-١٥)م$^{٢}$/کەس، دەکرێ ئەم بەرکەوتەیە بە گوێرەی بارودۆخی ئاووهەوا گۆڕانکاری بەسەردا بێت[١].

+ ستانداردی جیهانی: کە لە لایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە دانراوە، بەرکەوتی تاك لە ناوچەی سەوزایی (٣٠)م$^{٢}$/کەس[٢].

+ یەکێتی ئەوروپا و بەشێك لە شارەوانیەکانی ئەوروپا: نابێ بەرکەوتی تاك لە ناوچەی سەوزایی لە (١٢-١٦)م$^{٢}$/کەس، کەمتر بێت، لە زۆربەی شارەکانی وڵاتانی ئەوروپی، ئەم ڕێژەیە لەنێوان (٢٠-٤٠)م$^{٢}$/کەس، بۆ هەر تاکێك[٣]

+ لەسەر ئاستی جیهانی دەرکەوتووە کە ڕێژەی بەرکەوتنی تاك لەناوچەی سەوزایی لە کانبێرا(٧٠.٥م$^{٢}$/کەس) و لە واشنتۆن (٤٦م$^{٢}$/کەس)، لە لەندەن (٣٠م$^{٢}$/کەس)، لە ئەمستەردام (٢٩م$^{٢}$/کەس)، لەبەرلین (٢٦م$^{٢}$/کەس) و لە کۆبنهاگن (١٩م$^{٢}$/کەس) [٤]. هەروەها لە شارەکانی ئەمریکا بەرکەوتی تاك لە ناوچەی سەوزایی (٨٠م$^{٢}$/کەس)یە بۆ هەر تاکێك[٥]

+ بەڵام (د.صلاح حمید جنابی) دەڵێت ئەوانەی پلان بۆ شار دادەنێن و توێژینەوە دەربارەی شار ئەنجام دەدەن پێشنیار دەکەن بەرکەوتنی هەر تاکێك لە شاردا بۆ ناوچەی سەوزایی لە (١٠٠م$^{٢}$/کەس )کەمتر نەبێت[٦].

+ **پێوەری ناوخۆیی**: بەگوێرەی دەستەی پلاندانی هەرێمی عێراق، و بەلەبەرچاوگرتنی دۆخی ئاووهەوایی لە باشورو و ناوەڕاستی عێراق، پێویستە لانیکەم هەر تاکێك (٦,٥م$^{٢}$/کەس) بەربکەوێت لە ناوچەی سەوزایی[٧].لە شار بەغدا لە ساڵی (٢٠٠١)دا بەرکەوتی تاك لە ناوچە سەوزایی (٢,٥م$^{٢}$/کەس)بووە[٨].

+وولاتانی دروایسێ: لەلایەن دەستەی پلاندانی وەزارەتی ناوخۆی ئێران، ستانداردێك دانراوە، کە بەرکەوتی هەرتاکێك نابێ لە (٣٠م$^{٢}$/کەس)کەمتربێت و پێویستە بگاتە(٥٠م$^{٢}$/کەس)[٩].

---

[١]٠p.cit,p٣٢٢.Ahmad Beiranvand, Amir EslamBonyad , JavadSousani

[٢]RagabKhalil ,op.cit,p٥٢٧.

[٣]مقداد جمیل محمد و محمد یونس احمد،المصدر السابق،ص٥.

[٤]صبری فارس الهیتی، جغرافیة المدن، المصدر السابق، ص١٥١.

[٥]صفاء جاسم محمد، المصدر السابق،ص١٠.

[٦]صلاح حمید الجنابی، پێکهاتەی ناوخۆی شاری هەولێر، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، ژمارە ٣١، ٢٠٠٠، لا٩٩.

[٧]صفاء جاسم محمد، المصدر السابق،ص١١.

[٨]بەختیار ئەحمەد حسێن، سەرچاوەی پێشوو،لا٣٤.

[٩]٠p.cit,p٣٢٢.Ahmad Beiranvand, Amir EslamBonyad , JavadSousani

جگە لەو (٢) پێوەرەی کە باسمانکرد، لە ولاَتانی ئەوروپی (پێوەری نزیکی) بەکاردێت،بەجۆرێك دەستەی ژینگەی ئەورووپی(EEA)، پێشنیار دەکات، کە هەر تاکێك پێویستە لە ماوەی (١٥م) ڕێکردن لە دوری ماڵەکەی خۆیەوە ناوچەی سەوزایی هەبێت، لە کاتێکدا دەستەی سروشتی بەریتانی(EN)پێشنیار دەکات،کە ناوچەی سەوزایی نابێت لە دوری (٣٠٠م) زیاتربێت لە ناوچەی شوێنی نیشتەجێبونی هاولاَتییانەوە[١]، بەلاَم ئێمە لە توێژینەوەکەماندا دوو پێوەرەکەی ترمان بەکارهێناوە، دەکرێ لە توێژینەوەیەکیتردا، یان توێژەرێکیتر ئە پێوەرە بەکاربهێنێت، جگە لەوەی ئەم پێوەرە بەکارهێنانی کاتێك گرنگە، گەر بزانین بەرکەوتی تاك لە ناوچەی سەوزایی لە شاردا لەسەر بنەمای دوو پێوەرەکەیتر گونجاوە یان نا.

++ کەواتا، دەکرێ پێوەرەکان بکەین بە (٢) دەستە:

دەستەی یەکەم/ بەرکەوتی تاك لە ناوچەی سەزایی کەمترە لە (١٠م$^{٢}$/کەس)، کە پێوەرێکە لە عێراقدا کاری پێدەکرێت.

دەستەی دووەم/ بەرکەوتی تاك لە نێوان (١٢-٥٠م$^{٢}$/کەس زیاتر)، کە زۆربەی شارەکانی ئەوروپی و ئەمریکی دەگرێتەوە، بەلاَم ستانداردی جیهانی ، کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکان پێشنیارکراوە، نابێ بەرکەوتی تاك لە (٣٠م$^{٢}$/کەس)، کەمتربێت.

بەسەیرکردنی خشتەی (٢) و بە بەکارهێنانی ئەم پێوەرە، دەکرێ دابەشبونی ناوچە سەوزاییەکانی شارەکە لە چەند خاڵێکدا بخەینەڕوو بەمشێوەیەی خوارەوە:

١- لەسەر ئاستی شاری قەلاَدزێ بەرکەوتی هەرتاکێك لە ناوچەی سەوزایی (٣٦,٥م$^{٢}$/کەس)یە، ئەوەش ڕێژەیەکی گونجاوە بە گوێرەی ستانداری نەتەوە یەکگرتوەکان و شارەکانی ئەوروپی و ئەمریکی.

٢- دەکرێ لە ڕوی بەرکەوتی تاك لە ناوچەی سەوزایی، گەڕەکەکانی شاری قەلاَدزێ دابەش بکەین بۆ چەند دەستەیەك:

**یەکەم/ ئاستی زۆر باش:**گەڕەکەکانی (پیشەسازی ،هەوار،ئاوارەکان،سەرچیا،بلَفەت،فەرمانبەران) دەگرێتەوە، کە بە ڕیزبەندی ڕێژەی بەرکەوتی تاك لە ناوچەی سەوزایی تیایاندا لە بەرزەوە بۆ نزم لەنێوان (٧٥٠٠م$^{٢}$/کەس) لە گەڕەکی پیشەسازی بۆ (٥١.٨م$^{٢}$/کەس) لە گەڕەکی فەرمانبەران، کە ئەو ڕێژەیەش زۆر باشە و زیاترە لە پێوەری نەتەوە یەکگرتوەکان و شارەکانی ئەوروپی و ئەمریکی.هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ تازەیی دروستبونی ئەم گەڕەکانە و لەبەرچاوگرتنی بونی .

[١] Ragab Khalil ,op.cit,p٥٢٦

خشتەی (٢)

ڕێژەی بەرکەوتی تاك لە ناوچەی سەوزایی لە شاری قەڵادزێ لەسەر ئاستی گەڕەکەکان لە ساڵی (٢٠٠٩)

| ناوی گەڕەك | ڕووبەری ناوچەی سەوزایی گەڕەکەکان / م٢ | بەرکەوتی تاك لە ناوچەی سەوزایی م٢/کەس |
|---|---|---|
| شەهیدان | ٢٠٠٠٠ | ٣.٦ |
| ئیمام قاسم | ٠ | ٠ |
| فەرمانبەران | ٤٠٠٠٠ | ٥١.٨ |
| جوتکانیان | ٠ | ٠ |
| دەروازەی شار | ٦٦٠٠٠٠ | * |
| پیشەسازی | ٩٧٠٠٠٠ | ٧٥٠٠ |
| هەوار | ١٣٠٠٠٠ | ٢٤٠٧.٤ |
| کارەبا | ١٠٠٠٠ | ٣.٦ |
| شەهیدانی ئاشتی | ٢٠٠٠٠ | ٢.٨ |
| بڵفەت | ٨٠٠٠٠ | ٦٥.٧ |
| ڕاپەرین | ٢٠٠٠٠ | ١٥.٩ |
| هەنارۆك | ٢٠٠٠٠ | ٤.٥ |
| ساوێن | ٠ | ٠ |
| ئاشتی | ١٠٠٠٠ | ٢.٢ |
| مامەندە | ١٠٠٠٠ | ١.١ |
| ئاوارەکان | ٧٠٠٠٠ | ٩٨.٦ |
| ئاسۆس | ٢٠٠٠٠ | ٣.٧ |
| سەرچیا | ١٤٠٠٠٠ | ٨٦.٤ |
| خانەقا | ١٠٠٠٠ | ٢.٦ |
| *کۆی گشتی* | ٢٢٣٠٠٠٠ | ٣٦.٥ |

سەرچاوە/ ئامادەکراوە بە پشتبەستن بە خشتەی (١).

(*):دەروازەی شار،گەڕەك نیە و دانیشتوانی لێنیە، بەلآم لە ساڵی (٢٠٠٩)دا کەوتۆتە سنوری شارەوانی قەڵادزێ.

ناوچەی سەوزایی تیایاندا و کەمی ژمارەی دانیشتوانیان و زۆری بەرکەوتی ناوچەی سەوزایی لەسەر ئاستی شار، بەجۆرێك ئەو (٦) گەڕەکە تەنها ڕێژەی(٧.٥٪)ی کۆی دانیشتوانی شارەکە پێکدەهێنن، لە بەرامبەردا ڕێژەی (٦٤.٢٪)ی کۆی ڕووبەری سەوزایی شارەکەیان پێکهێناوە.(بڕوانە خشتەکانی ١ و٣).

**دووەم/ ئاستی باش:** تەنها گەڕەکی ڕاپەڕین دەگرێتەوە، بەرکەوتی تاك لە ناوچەی سەوزایی لەم گەڕەکە نزیکەی (١٦م$^2$/کەس)یە.ڕێژەیەکی باشە بەبەراورد بە پێوەری عێراقی و هەندێك شاری ئەوروپی. بەڵام ڕێژەیەکی کەمە بەبەراورد بە پێوەری نەتەوە یەکگرتوەکان و زۆربەی شارەکانی ئەمریکی و ئەورووپی.

**سێیەم/ ئاستی خراپ:** گەڕەکەکانی (هەناروك،ئاسۆس، شەهیدان،کارەبا،شەهیدانی ئاشتی،خانەقا، ئاشتی،مامەندە) دەگرێتەوە، ڕێژەی بەرکەوتی تاك لە ناوچەی سەوزایی بە ریزبەندی لە زۆرەوە بۆ کەم لە نێوان (٤.٥م$^2$/کەس)یە بۆ (١.١م$^2$/کەس). کە ئەمەش ئاستێکی زۆر خراپە و گونجاو نیە بەگوێرەی پێوەری جیهانی و ناوخۆیی، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم گەڕەکانە لە گەڕەکە کۆنەکانی شاری قەڵادزێن و ژمارەی دانیشتوانیان زۆرە و ڕێژەی سەوزاییان کەمە.

**چوارەم/ ئاستی زۆر خراپ:** هەریەك لە گەڕەکەکانی (ئیمام قاسم،جوتکانیان،ساوێن) دەگرێتەوە و بەرکەوتی تاك لە ناوچەی سەوزایی (٠ م$^2$/کەس)یە، چونکە وەك پێشتر ئاماژەمانپیکرد، ئەم گەڕەکانە کۆنترین گەڕەکەکانی شارەکەن و بە بێ پلان دروستبون.

لەو زانیاریانەی . ئاماژەمان بۆ کرد، دەرکەوت تەنها (١٠٪)ی دانیشتوانی شارەکە، ڕێژەی بەرکەوتی ناوچەی سەوزاییان گونجاوە بە بەراورد بە پێوەرە ناوخۆیی و جیهانییەکان و (٩٠٪)ی دانیشتوانی شارەکە ڕێژەی بەرکەوتی ناوچەی سەوزاییان گونجاو نیە، ئەمەش دەریدەخات دابەشبونی ناوچە سەوزاییەکان بە شێوەیەکی ناڕێك و بێپلان بوە و زۆربەی ناوچەی سەوزایی شارەکە بە ڕێژەی (٧٢٪) کەوتۆتە دوو گەڕەکی بەشی باکور و ڕۆژئاوای شارەکە، و سەرجەم گەڕەکەکانی دیکەی شارەکە، کە (١٧) گەڕەکن تەنها (٢٨٪)ی ڕوبەری ناوچەی سەوزایی شارەکەیان بەرکەوتوە(نەخشەی ٤).

بە سەرنجان لە خشتەی (٣) و بە بەراوردکرنی (ڕێژەی دانیشتوانی گەڕەکەکان لە کۆی دانیشتوانی شار) و (ڕێژەی ڕوبەری ناوچەی سەوزایی لە کۆی ڕوبەری سەوزایی شار)، دەبینین ناڕێکی و ناهاوسەنگی زۆر بە دیدەکرێت و هیچ ژمێرەیەك بۆ دانیشتوان و ژمارەیان نەکراوە لەکاتی بەکارهێنانی زەوی شار بۆ ناوچەی سەوزایی، کە ئەمەش جێگای سەرنجە، چونکە ناوچەی سەوزایی بۆ کێ دروستدەکرێت؟ بێگومان بۆ دانیشتوان.

لەچەند خاڵێکدا ئەم بابەتە دەخەینەڕوو:

١- گەڕەکی (پیشەسازی و دەروازەی شار)، تەنها (٠.١٪)ی ژمارەی دانیشتوانی دانیشتوانی شارەکەیان لەخۆگرتوە، لە بەرامبەردا (٧٢٪)ی کۆی ڕوبەری سەوزایی شارەکەیان بەرکەوتوە.

٢- تەنها گەڕەکانی (فەرمانبەران،هەوار،ئاوارەکان،سەرچیا) ژمارەی دانیشتوانیان گونجاوە بە بەراورد بە ڕێژەی بەرکەوتی ناوچەی سەوزایی، بە شێوەیەك ئەم (٤) گەڕەکە تەنها (٥.٤٪)ی کۆی دانیشتوانی شارەکە پێکدەهێنن، لە بەرامبەردا (١٧.٢٪)ی کۆی ڕوبەری سەوزایی شارەکەیان بەرکەوتوە.

٣- هەرسێ گەڕەکی (ئیمام قاسم، جوتکانیان،ساوێن) ، کە ڕێژەی (٢٢٪)ی کۆی دانیشتوانی شارەکەیان لەخۆگرتوە و لەو گەڕەکانەن کە کۆنن و چڕی دانیشتوانیان زۆرە، بەڵام ڕێژەی بەرکەوتی ئەو گەڕەکانە لە ناوچەی سەوزایی شار (٠٪)ە، وەك پێشتر هۆکارەکەمان ڕونکردەوە.

٤- گەڕەکی مامەندە زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی شارەکەی لەخۆگرتوە بە ڕێژەی (١٤.٤٪)، بەڵام ڕێژەی بەرکەوتی لەکۆی ناوچە سەوزاییەکانی شار کەمترە لە (١٪)، ئەمەش دەریدەخات ناهاوسەنگی زۆرە لەنێوان دابەشبونی ناوچە سەوزاییەکان و دابەشبونی دانیشتوان.

لەخاڵەکانی سەرەوە بۆمان دەرکەوت، لە کۆی (١٩) گەڕەکی شارەکە، تەنها(٦) گەڕەك ژمارەی دانیشتوانیان هاوسەنگە لەگەڵ بەرکەوتی گەڕەکەکان لە ناوچەی سەوزایی، ئەو گەڕەکانەش تەنها (٥.٥٪)ی دانیشتوانی شارەکە پێکدەهێنن، لەبەرامبەردا (١٣) گەڕەکەکەیتر، کە (٩٤,٥٪) ی دانشتوانی شارەکە پێکدەهێنن، ژمارەی دانیشتوانیان ناهاوسەنگە لەگەڵ بەرکەوتیان لە ناوچە سەوزاییەکانی شارەکە.

خشتەی (٣)

ڕێژەی بەکارهێنانی زەوی بۆ ناوچەی سەوزایی بە بەراورد بە ژمارەی دانیشتوان لە ناوچەی توێژینەوە لەسەر ئاستی گەڕەکەکان لە ساڵی (٢٠٠٩)

| ناوی گەڕەك | ژمارەی دانیشتوان[1] | ڕێژەی دانیشتوانی گەڕەکەکانلە کۆی دانیشتوانی شار(٪) | ڕێژەی ڕوبەری ناوچەی سەوزایی لە کۆی ڕوبەری سەوزایی شار(٪)[2] |
|---|---|---|---|
| شەهیدان | ٥٥١٤ | ٩.١ | ٠.٩٠ |
| ئیمام قاسم | ٣٩٦٥ | ٦.٥ | ٠.٠٠ |
| فەرمانبەران | ٧٧١ | ١.٤ | ١.٨٠ |
| جوتکانیان | ٤٧٤٨ | ٧.٧ | ٠.٠٠ |
| دەروازەی شار | * | * | ٢٩.٦٠ |
| پیشەسازی | ٨٨ | ٠.١ | ٤٣.٥٠ |
| هەوار | ٥٤ | ٠.١ | ٥.٨٢ |
| کارەبا | ٢٧٤٩ | ٤.٥ | ٠.٤٥ |
| شەهیدانی ئاشتی | ٦٩٠٩ | ١١.٣ | ٠.٩٠ |
| بلفەت | ١٢١٧ | ٢ | ٣.٦٠ |
| ڕاپەرین | ١٢٥٤ | ٢.١ | ٠.٩٠ |
| هەنارۆك | ٤٣٧٦ | ٧.١ | ٠.٩٠ |
| ساوێن | ٤٧٥٣ | ٧.٨ | ٠.٠٠ |
| ئاشتی | ٤٤١٩ | ٧.٣ | ٠.٤٥ |
| مامەندە | ٨٧٨٧ | ١٤.٤ | ٠.٤٤ |
| ئاوارەکان | ٧١٠ | ١.٢ | ٣.١٣ |
| ئاسۆس | ٥٣٢٦ | ٨.٧ | ٠.٨٩ |
| سەرچیا | ١٦١٩ | ٢.٧ | ٦.٢٧ |
| خانەقا | ٣٧٧٩ | ٦.٢ | ٠.٤٥ |
| *کۆی گشتی* | ٦١٠٣٨ | ١٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە/ ئامادەکراوە بە پشتبەستن بە : ١- وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامە سەرەتاییەکانی پرۆسەی ژمارەلێدان و گەمارۆسازی، سەرژمێری گشتی دانیشتوان و نشینگەکان،پارێزگای سلێمانی، ساڵی٢٠٠٩،نوسراوە بەکۆمپیوتەر، (بڵاونەکراوە)،لا١٠٤. ٢- خشتەی (١).

(*) دەروازەی شار،گەڕەك نیە و دانیشتوانی لێنیە، بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٩)دا کەوتۆتە سنوری شارەوانی قەڵادزێ.

## ئەنجام

دوای ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە دەکرێ دەرئەنجامەکان لە چەند خاڵێکدا بخەینە ڕوو:

١- ناوچە سەوزەکان لە شاردا گرنگی زۆریان هەیە، چونکە ناوچەیەکی جوانن و هەواکەیان پاکە و دیمەنی جوانیان هەیەو دانیشتوانی شار بۆ بەسەربردنی کاتی خۆش و دوورکەوتنەوە لە قەرەباڵغی لەکاتی پشوودا ڕوویان تێدەکەن، لەسەردەمی ئێستادا ماستەرپلان بۆ ئەوە دادەنرێت، تا شار بەشێوەیەکی زانستی و پلان بۆدانراو گەشە بکات لە داهاتودا و تا بتواندرێت سەرجەم بەکارهێنانەکانی زەوی بۆ دانیشتوانی شار فەراهەمبکات، ناوچەی توێژینەوە، سەنتەرێکی گەورەی شارنشینیە لە پارێزگای سلێمانی، لەم لایەنەوە توێژینەوە و هەڵسەنگاندن و فەراهەمکردنی ناوچەی سەوزایی پێویست بۆ دانیشتوانەکەی، پێویستییەکی هەنوکەیی و زانستی گرنگە.

٢- چەند هۆکارێکی گرنگ وایانکردوە پلاندانەران پێشنیاربکەن، بەشێك لە زەوی شارەکان تەرخانبکرێت بۆ ناوچەی سەوزایی، گرنگترین هۆکارەکانیش، کە سودیان بۆ دانیشتوانی شار وەك: جوگرافی تەندروستی و ژینگەیی و ئاووهەوا وێڕای گرنگی هۆکاری کۆمەلایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری و جوانکردنی دیمەنی شار.

٣- ناوچە سەوزەکانی شاری قەلادزێ جۆراوجۆرن، وەك ( دارستان، پارك، باخچەی ناوگەڕەکەکان، سەوزایی نێوان دوو سایدەکان)، بونی جۆراوجۆری لە ناوچەی سەوزایی لە بواری پلاندانانادا شتێکی خوازراو و پێویستە و گرنگی خۆی هەیە و جوانی بەشار دەبەخشێت، پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی دانیشتوان پڕدەکاتەوە.

٤- لەڕوی ڕێژەی سەدی بەرکەوتی هەر گەڕەکێك لە ناوچەی سەوزایی، ڕوبەری سەوزایی لە شاری قەلادزێ نزیکەی (١٤٪)ی کۆی گشتی ڕوبەری شارەکە پێکدەهێنێت، ئەم ڕێژەیەش تا ڕادەیەك کەمترە لەو پێوەرەی کە لەلایەن وەزیری ژینگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پەسەندکراوە، وێڕای ئەوەی ڕێژەکە کەمترە بە بەراورد بە پێوەری عێراقی و ئەوروپی ، هەروەها لە کۆی (١٩) گەڕەکی شارەکە، تەنها (٣) گەڕەکیان ڕێژەی سەدی ناوچەی سەوزاییان گونجاوە بە بەراورد بەپێوەرە ناوخۆیی و جیهانییەکان، بەلام (١٦) گەڕەکەکەیتر ڕێژەی سەدی بەرکەوتیان لە ناوچەی سەوزایی کەمە و گونجاو نیە بە گوێرەی پێوەرە ناوخۆیی و جیهانییەکان. ئەمەش دەریدەخات نارێکی و ناهاوسەنگی هەیە لەدابەشبونی ناوچە سەوزاییەکان لە سەر ئاستی شارەکە و لەگەڕەکێکەوە بۆ گەڕەکێکیتر.

٥- بە پشتبەستن بەپێوەری بەرکەوتی تاك لە ناوچەی سەوزایی (کەس/م٢)، دەرکەوت تەنها (١٠٪)ی دانیشتوانی شارەکە، ڕێژەی بەرکەوتی ناوچەی سەوزاییان گونجاوە بە بەراورد بە پێوەرە ناوخۆیی و جیهانییەکان و (٩٠٪)ی دانیشتوانی شارەکە ڕێژەی بەرکەوتی ناوچەی سەوزاییان گونجاو نیە، ئەمەش دەریدەخات دابەشبونی ناوچە سەوزاییەکان بە شێوەیەکی نارێك و بێپلان بوە و زۆربەی ناوچەی سەوزایی شارەکە بە ڕێژەی (٧٢٪) کەوتۆتە دوو گەڕەکی بەشی باکور و ڕۆژئاوای شارەکە، و سەرجەم گەڕەکەکانی دیکەی شارەکە، کە (١٧) گەڕەکن تەنها (٢٨٪)ی ڕوبەری ناوچەی سەوزایی شارەکەیان بەرکەوتوە.

٦- بە بەراوردکرنی (ڕێژەی دانیشتوانی گەڕەکەکان لە کۆی دانیشتوانی شار) و (ڕێژەی ڕوبەری ناوچەی سەوزایی لە کۆی ڕوبەری سەوزایی شار)، دەبینین لە کۆی (١٩) گەڕەکی شارەکە، تەنها(٦) گەڕەك ژمارەی دانیشتوانیان هاوسەنگە لەگەڵ بەرکەوتی گەڕەکەکان لە ناوچەی سەوزایی، ئەو گەڕەکانەش تەنها (٥.٥٪)ی دانیشتوانی شارەکە

پێکدەهێنن، لەبەرامبەردا (١٣) گەڕەکەکەیتر، کە (٩٤،٥٪) ی دانشتوانی شارەکە پێکدەهێنن، ژمارەی دانیشتوانیان ناهاوسەنگە لەگەڵ بەرکەوتیان لە ڕووبەری ناوچە سەوزاییەکانی شارەکە.

## ڕاسپاردە

دوای گەیشتن بە چەند دەرئەنجامێك چەند ڕاسپاردەیەك دەخەینە ڕوو :

١- گرنگی زیاتر بە توێژینەوە بدرێت دەربارەی ناوچەی سەوزایی لە شاری قەڵادزێ، چونکە تا ئێستا لە ڕووی زانستی یەوە توێژینەوەی دەربارە ئەنجام نەدراوە، جگە لەوەی ئەم جۆرە توێژینەوانە بۆ شارەکە پێویستییەکی هەنوکەیین، چونکە یەکێکە لە مەڵبەندە شارنشینە گەورەکانی پارێزگای سلێمانی.

٢- پێویستە لە بەشی ماستەرپلانی شارەوانی نەخشەیەکی تایبەت دروستبکرێت بۆ بەکارهێنانی زەوی بۆ ناوچەی سەوزایی شارەکە، بەجۆرێك ناو و ڕووبەری (دارستان و پارك و باخچەکان، سەوزایی نێوان دوو سایدەکان)ی لەسەربێت، لەم لایەنەوە کێشەی زۆرمان بۆ دروستبو، چونکە نەخشەی هەریەکێك لەو ناوچە سەوزانە بەجیا دروستکرابوو، جگە لەوەی بەشێکی بەرچاویان ناو و ڕووبەریان لەلەسەرنەبوو.

٣-پێویستە بەشی باخچەکانی شارەوانی لیستێکی ڕێکوپێك ئامادە بکات، بۆ ناو و ڕوبەر و ساڵی دروستکردنی باخچەکان و ناوچە سەوزەکانی دیکە، ئەمەش خزمەتێکی زۆری ئەم جۆرە توێژینەوانە دەکات، بە شێوەیەك هەندێك باخچە ساڵی دروستبونی لەسەر نەبو، ئەمەش کێشە دروستدەکات و نازاندرێت ساڵانە ناوچە سەوزەکان ڕێژەیان زیاد دەکات.

٤ - لە ڕوی جۆراوجۆرییەوە، پێویستە ئەو جۆرانەی ناوچەی سەوزایی زیادبکرێن،کە لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەو سەردەمەی دانیشتوان بگونجێن، لەم لایەنەوە پێویستە شارەوانی قەڵادزێ نەخشە دابنێت ژمارەی پارکەکانی شارەکە زیاتر بکات، و لە بەشەکانی باشور و ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی شارەکە پارکی نوێ دروستبکرێت، چونکە ئەم ناوچانە پارکیان نیە بەوەش هاوسەنگی دروستدەبێت لەدابەشبونی پارکەکاندا،چونکە لە ئێستادا پارکەکان زیاتر کەوتونەتە بەشی باکور و ڕۆژئاوای شارەکە،

٥- لەڕوی ڕێژەی سەدی بەرکەوتی گەڕەکەکان لە ناوچەی سەوزایی، تەنها (٣) گەڕەك ڕێژەکانیان گونجاوە و (١٦) گەڕەکەکەیتر ڕێژەکانیان گونجاو نیە، بۆیە پێویستە ڕێژەی سەوزایی ئەو گەڕەکانە زیادبکرێت، گەرچی گەڕەکە کۆنەکانی شارەکە وەك(ئیمام قاسم، جوتکانیان، کارەبا، ساوێن)، زەوی بەتاڵیان کەمە، بەڵام هەندێك کەلاوەی کۆن لەم گەڕەکانە بەدی دەکرێن، کە بەهۆی تۆپبارانکردنی شارەکە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لە ساڵی(١٩٧٤) ئەم خانوانە ڕوخاون و بەشێکیان تا ئێستا وەکخۆیان ماونەتەوە، دەکرێ شارەوانی ئەم کەلاوانە بکات ناوچەی سەوزایی و خاوەنەکانیان قەرەبو بکاتەوە و لە گەڕەکە تازەکانی شارەکە زەوییان پێبداتەوە، هەروەها دەکرێ لە گەڕەکە کۆنەکان ڕێژەی سەوزایی زیادبکرێت لە (نێوان دوو سایدەکان، سەرشۆستە و بەردەم ماڵەکان، حەوشەی خوێندنگا و مزگەوت و فەرمانگەکانی دیکەی دەوڵەت)، هەرچەندە ئەمە ناتوانێت شوێنی پارك و باخچەی پلان بۆدانراو بگرێتەوە، بەڵام ڕێژەی سەوزایی گەڕەکە کۆنەکان زیاد دەکات و سودی تەندروستی و ژینگەیی دەبێت بۆ دانیشتوانی ئەم گەڕەکانە، وێڕای جوانکردنی دیمەنی گەڕەکەکان.

٦- پێویستە بەشی ماستەرپلانی شارەوانی قەڵادزێ هەوڵبدات ناوچە سەوزاییەکانی شارەکە بەشێوەیەکی هاوسەنگ دابەشبکات بەسەر گەڕەکەکاندا، چونکە لە ڕوی بەرکەوتی تاك لە ناوچەی سەوزایی (کەس/م٢)،

دەرکەوت (٩٠٪)ی دانیشتوانی شارەکە ڕێژەی بەرکەوتی ناوچەی سەوزاییان گونجاو نیە، ئەمەش دەریدەخات دابەشبونی ناوچە سەوزاییەکان بە شێوەیەکی ناڕێك و بێپلان بوە و زۆربەی ناوچەی سەوزایی شارەکە بە ڕێژەی (٧٢٪) کەوتۆتە دوو گەڕەکی بەشی باکور و ڕۆژئاوای شارەکە، و سەرجەم گەڕەکەکانی دیکەی شارەکە، کە (١٧) گەڕەکن تەنها (٢٨٪)ی ڕوبەری ناوچەی سەوزایی شارەکەیان بەرکەوتوە.

٧- واباشە لەکاتی پلانداناں بۆ بەکارهێنانی زەوی شار بۆ ناوچەی سەوزایی، ژمارەی دانیشتوانی گەڕەکەکان لەبەرچاوبگیرێت، چونکە دروستکردنی ناوچە سەوزەکان لە بنەڕەتدا بۆ خزمەتکردنی دانیشتوانی شارە، بەڵام دەبینین لە (١٩) گەڕەکی شارەکە، تەنها(٦) گەڕەك ژمارەی دانیشتوانیان هاوسەنگە لەگەڵ بەرکەوتی گەڕەکەکان لە ناوچەی سەوزایی، ئەو گەڕەکانەش تەنها (٥.٥٪)ی دانیشتوانی شارەکە پێکدەهێنن، لەبەرامبەردا (١٣) گەڕەکەکەیتر، کە (٩٤,٥٪) ی دانشتوانی شارەکە پێکدەهێنن، ژمارەی دانیشتوانیان ناهاوسەنگە لەگەڵ بەرکەوتیان لە ڕوبەری ناوچە سەوزاییەکانی شارەکە.

٨-هۆکاری سەرەکی کەمی ڕووبەری سەوزایی لەناوچەی توێژینەوە،دەگەڕێتەوە بۆ فراوانبوونی ئاسۆیی شار، کەوایکردووە زۆربەی ڕووبەری زەوی شارەکە بەکاربێت بۆ ناوچەی نیشتەجێبوون، هەربۆیە پێویستە گرنگی بەدروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوونی ستوونی بدرێت و ڕووبەری ناوچە سەوزایەکان زیاتر بکرێت، وێڕای ئەوەی پێویستە ڕێژەی سەوزایی نێوان دوو سایدی ناوبازار زیادبکرێت، وەك لە وێنەی (٦) دەردەکەوێت ڕێژەی سەوزایی زۆر کەمە و باش سەوز نەکراوە، زەوی نێوان دوو سایدەکان بۆ بوار دیکە بەکار نایەت، بۆ یە پێویستە هەوڵبدرێت هەموو ڕوبەرەکەیان سەوز بکرێت.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم/ سەرچاوە کوردیەکان

### أ/ نامەی زانکۆیی:

١- رەشید، شێروان عمر ، بنەماکانی جوگرافیای سروشتی و گەشەپێدانی گەشت و گوزار لە پارێزگای سلێمانی، نامەی ماستەر، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی ، (٢٠٠٦). بلاّو کراوە.

٢- عمر،لوقمان وسوو ، توانستە جوگرایە گەشت و گوزاریەکانی قەزای کۆیە، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، بلاّوکراوە، ٢٠٠٦ .

٣- حسێن، بێستون ئەحمەد، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گەشەی دانیشتوان و کاریگەری لەسەر فراوانبونی ڕووبەری شاری قەڵادزێ،نامەی ماستەر(بلاّوکراوە)، کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی جوگرافیا، زانکۆی سەلاحەددین،٢٠١٣.

٤- حسێن، بەختیار ئەحمەد، ناوچە سەوزاییەکانی ناو شاری سلێمانی(لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای شار)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی جوگرافیا، زانکۆی سلێمانی،٢٠١٠.

### ب/ گۆڤار:

١- صلاح حمید الجنابی، پێکهاتەی ناوخۆی شاری هەولێر، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، ژمارە ٣١، ٢٠٠٠.

### پ/ بلاّوکراوەو دەزگا دەوڵەتیەکان:

١-بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاریGis، نەخشەی ننچینەیی پارێزگای سلێمانی، ٢٠٠٩.

٢-بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاریGis، نەخشەی بنچینەیی هەرێمی کوردستان و پارێزگای سلێمانی، ٢٠٠٩.

٣-حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرۆکایەتەتی شارەوانی رانیە ، بەشی دیزاین و ڕوپێوکاری ، زانیاری دەربارەی پێوەری عێراقی بۆ بەکارهێنانی زەوی شار بۆ ناوچەی سەوزایی . زانیاری بلاّونەکراوە.

٤-وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامە سەرەتاییەکانی پرۆسەی ژمارەلێدان و گەمارۆسازی، سەرژمێری گشتی دانیشتوان و نشینگەکان،پارێزگای سلێمانی، ساڵی٢٠٠٩،نوسراوە بەکۆمپیوتەر، (بلاّونەکراوە).

٥-وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار،بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشەدانان و ئاوەدانکردنەوەی،شارەوانی قەڵادزێ،نەخشەی بنەڕەتی شاری قەڵادزێ، ساڵی ٢٠٠٩، بەپێوەری ١: ٢٠٠٠.

### ت/ ئەتڵەس:

١- حمدأمین، هاشم یاسین و ئەوانیتر ، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق و جیهان، لە بلاّو کراوەکانی کۆمپانیای تێنووس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری، هەولێر، ٢٠٠٩.

**دووەم / سەرچاوەكان بە زمانی عەرەبی**

**أ/ كتێب:**

١- ابو صبحة، كايد عثمان ، جغرافيا المدن، دار وائل للنشر، عمان- اردن، ٢٠٠٢ .

٢- الشواورة ، على سالم، المدن(تضخمها.سلبياتها.تخطيطها)،دار الصفاء للنشر والتوزيع،ط١، عمان الاردن،٢٠١٤.

٣- عطوى، عبداللة ، جغرافية المدن، الجزء الاول، دار النهضة العربية ،بيروت- لبنان، ٢٠٠١.

٤- غنيم،عثمان محمد ، تخطيط استخدام الارض الريفى والحضري(اطار الجغرافي عام)، دار الصفاء للنشر والتوزيع ، عمان- الاردن، ٢٠٠٨ .

٥- غنيم، عثمان محمد، معايير التخطيط(فلسفتها و أنواعها و منهجية إعدادها و تطبيقاتها فى مجال التخطيط العمرانى)، دار الصفاء للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١١.

٦- لطيف، ابراهيم و محسن عبد على و رياض كاظم سلمان الجميلى،خدمات المدن(دراسة فى الجغرافية التنموية)،بدون اسم المطبعة،٢٠٠٩.

٧- الهيتى، صبرى فارس، جغرافية المدن، دار الصفاء للنشر والتوزيع، عمان، الادرن، ٢٠٠٢.

٨- الهيتى، صبرى فارس و صالح فليح حسن، جغرافية المدن، دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، الموصل، ١٩٨٦.

٩-وهيبة، عبدالفتاح محمد ، في جغرافية العمران، دار النهضة العربية، بيروت – لبنان، ١٩٨٠.

**ب/ گۆڤار:**

١- الأعشب، خالص حسن، المقومات الضرورية للتصميم الاساسي، مجلة الجمعية الجغرافية، تصدرها الجمعية الجغرافية العراقية، العدد الحادى عشر، بغداد، ١٩٨٠.

٢- الهيتى، صبرى فارس ، استخدامات الارض الترفيهية فى مدينة بغداد، مجلة الجمعية الجغرافية ـ تصدرها الجمعية العراقية، المجلد الثالث العشر، ١٩٨٢.

**پ/ نامەی زانكۆیی (ماستەرو دكتۆرا)**

١- الفتيلى، باسل احمد خلف، كفاءة الاساليب فى قياس حجم السكان والتنبوء واهميتها فى التصميم الاساسى لمدينة بغداد ، رسالة ماجستير، كلية اداب، جامعة بغداد.

٢- عبداللة اسماعيل محمد، دور العوامل الاجتماعية والاقتصادية فى التوسع المساحى لمدينة اربيل للفترة ١٩٩٤ – ٢٠٠٨، دراسة تحليلية حضرية ، اطرحة دكتوراه، كلية اداب، قسم علم الاجتماع، جامعة صلاح الدين، ٢٠٠١.

**ت/ توێژینەوەو كۆنگرە:**

١- ابو عياش،عبدالاله ، التخطيط للخدمات الترويحية (اطار نضرى)، المؤتمر السادس لمنضمة المدن العربية،عقد فى الدوحة (قطر) من (١-٤) مارس ١٩٨٠ .

٢- القطب، اسحاق يحقوب ، مفهوم الترويح ونظرياته وأسسه فى المجتماعات الحضرية المعاصرة، المؤتمر السادس لمنظمة المدن العربية، عقد فى الدوحة من (١-٤) مارس ١٩٨٠ .

٣- محمد، عظمى ، أثر العوامل الاجتماعية فى التخطيط للخدمات الترفيهية، المؤتمر السادس لمنظمة المدن العربية ، عقد فى الدوحة من(١-٤) مارس ١٩٨٠ .

**ج/ پێگەی ئەلیکترۆنی:**

**١- صفاء جاسم محمد،خطة مقترحة بيئية ـ تخطيطية لمستقبل الفضاءات الخضراء فى المدن العراقية ( مدينة السماوةنموذجا )،** http://alafak-algeographg.blogspot.com/2013/03/blog-post_6463.html **،٢٠،مارس ، ٢٠١٣**

**٢- مقداد جميل محمدو محمد يونس احمد، اثر المناطق المفتوحة الخضراء على الحياة الاجتماعية فى مدينة الموصل، بحث منشور على الموقع** http://dz-archi.blogspot.com **٢٠١٦/٤/١،**

**سێیەم :سەرچاوە ئینگلیزیەکان**

**یەکەم/ جۆرناڵی جیهانی:**

1- Ahmad Beiranvand, Amir EslamBonyad , JavadSousani, Evaluation of Changes in Per Capita Green Space through Remote Sensing Data, International journal of Advanced Biological and Biomedical Research , ISSN: 2322 - 4827, Volume 1, Issue 4, 2013: 321-330, Available online at http://www.ijabbr.com.

2-RagabKhalil , Quantitative evaluation of distribution and accessibility of urban green spaces (Case study: City of Jeddah), INTERNATIONAL JOURNAL OF GEOMATICS AND GEOSCIENCES, Volume 4, No 3, 2014.

**چوارەم : چاوپێکەوتن**

**١- چاوپێکەوتنن لەگەڵ بەڕێز: (محمد على ئیبراهیم)، لێپرسراوی هۆبەی دارستان و پاوانی پشدەر، بەرواری ٢٠١٦/٤/١١.**

## پوختەی توێژینەوە

### شیکردنەوەی جوگرافی بەکارهێنانی زەوی بۆ ناوچەی سەوزایی لە شاری قەڵادزێ

لەکاتی ئێستادا ناوچە سەوزەکان گرینگی و بایەخێکی زۆریان پێدەدرێت لە شارەکاندا، چونکە دانیشتوانی شار بەهۆی سەرقاڵبوون بە ئیشکردن دووچاری ماندووبوون دەبن، ئەوە جگە لەوەی کە بەهۆی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و زۆربوونی ژمارەی ئۆتۆمبیل ژینگەی شارەکان پیسبووە، ئەمەش وایکردووە ناوچە سەوزەکان گرنگیان زۆر بێت، چونکە سەرچاوەی هەوای پاك و دیمەنی جوان و پشوودانن بۆ دانیشتوانی شار.

لەسەردەمی ئێستادا پێوەر دانراوە بۆ بەکارهێنانی زەوی لە شارەکاندا، ئامانجی توێژینەوەکە خستنەڕووی بەکارهێنانی زەوییە بۆ ناوچەی سەوزایی لە شاری قەڵادزێ و بەراوردکردنی بە پێوەرە ناوخۆیی و جیهانییەکان، بۆمان دەردەکەوێت تاچەند کار بەو پێوەرانە کراوە، کە خزمەت بە مرۆڤ و خۆشگوزەرانییەکەی و تەندرستییەکەی دەکەن.

گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە بەگوێرەی دوایین ئاماری فەرمی دانیشتوان، کە لە ساڵی(٢٠٠٩) ئەنجامدراوە، ناوچەی توێژینەوە یەکێکە لە سەنتەرە شارنشینە گەورەکانی پارێزگای سلێمانی، هەربۆیە توێژینەوە لە ناوچە سەوزاییەکانی شارەکە گرنگی و بایەخێکی زۆر هەیە، چونکە دانیشتوانی شارەکە پێویستییان بەناوچەی سەوزایی هەیە بۆ پشوودان و تەندروستییەکی باش و دەستکەوتنی هەوای پاك، وێڕای سەیکردنی دیمەنی جوان.

## خلاصة البحث

## تحليل جغرافي لاستخدام الأراضي للمساحات الخضراء في مدينة قلعةدزة

يُهتمّ الان كثيرا بالمساحات الخضراء في المدن؛ وذلك لأنّ سكّان المدن يشعرون بالتعب المستمر بسبب انشغالهم بالعمل اليومي، على الرغم من تلوّث بيئة المدن بسبب إزدياد عدد السكان وإزدياد عدد السيارات، حيث أدّى ذلك إلى الحاجة للاهتمام بالمناطق الخضراء، لأنّها مصدر للهواء النقيّ وروعة المنظر في المدن.

وا ان هدف الرئيسى لهذه الدراسة هو إظهار و تحليل استخدام الارض للمساحات الخضراء فى مدينة قلعدزة و مقارنتها بالمقاييس التي وضعت لكيفية استخدام الأراضي في المدن،و هذه المقارنة، يوضّح لنا البحث مدى الالتزام بهذه المقاييس الدولية والداخلية التي تخدم الإنسانية من هذا الجانب.

ويبدو أهمّيّة البحث من حيث هذه المنطقة التي أجريت فيها الدراسة تعتبر من المدن كثيفة السكان بمحافظة السليمانية، حسب آخر الإحصائيات لنسمة السكان الّذي أجري في سنة ٢٠٠٩،فلذلك الدراسة في مثل هذه الأماكن لها أهمّيّةبالغة؛ لأنّ سكان المدن أكثر احتياجًا لمساحات الخضراء للاستراحة والحصول على الهواء النقي والمناظر الرائعة.



## Abstract

## A geographical analysis of Land Use for Green Spaces in Qaladze city

Nowadays, green spaces are attracting significant attentions in the cities; this is because the busyness and tiredness of the population in the cities. Furthermore, the number of population in the cities, and cars are increasing dramatically that consequently polluting the environment of the cities. In this regard, the green spaces are major sources for providing recreation places, fresh air, and nice views for residents. In addition, there are universal standards for land use in the cities. This study investigates land use for green spaces in Qaladze city and compares it to universal standards in order to explore the extent of commitment to the standards.

According to 2009 statistics, the study area is one of the most populated cities in Sulaymani governorate. Therefore, studying the green spaces of the city is of significant importance because the residents of the city need green and open spaces for relaxation and fresh air.